کۆماری عێراق وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٠٦)

# داوەوەیل

شیعری
خورشیدە بابان



کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرە ژمارە (٤٠٦)

# دارەوەن

خورشیدە بابان

pertûkxanei
MÊHRDAD

# دارەوەن

ئەی دارەوەن ئەزانی کێم
من ئەو کەسەم بۆت ئەسوتێم

بۆت ئەسووتێم هەروەکو مۆم
تۆم زۆر خۆشتر ئەوێ لەخۆم

دارەوەن ـ دارەبەن

دارەقەزوان



من مناڵه‌كه‌م كه‌ تۆیان كوشتم
ئازاری سه‌ختو سۆسیان پێ‌چه‌شتم

پێشکەشە بە:

- گیانی پاك و پیرۆزی مامۆستا «گیو موکریانی».

- بە هەموو ئەو پێنوسە دڵسۆزانەی مەبەستیان تەنیا ڕاژەی وێژەو ووشەی پیرۆزی کوردی‌یە.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرەتایەکی کورت

دیارە پەیامی خامە، لای هەموو نووسەرێك، وەکو یەك نی‌یە هەیە وشە دەکاتە شاباشی کاتە وەرزەکانی خۆی. هەیە وشە دەکاتە دەڵاڵی بازاڕی سەودا هەشە وشە دەکاتە سیی، هەناسەی تێدا دەدات... لە ڕێگای پیتە بە پیتەکانی ژان و ژیانەوە، ئاوێنەیەکی ڕوونی زات و وێنەیەکی تەڵخی کۆمەڵمان نیشان دەدات.

خورشیدە لە دەستەی سێیەمە.

چاوخشاندنێکی سەرپێی بە هۆنراوە ناسکەکانیدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە وشە «واتە دەربڕینی دەنگی مرۆڤ پەروانەی خۆی» تاقە بەختەوەرییەکە بۆی ماوەتەوەو شانازی پێوە دەکات.

ئەو بەختەوەری‌یە وەکو تاکە تەرازوویەکی قورس و سەنگین و پۆلایین هاوتای تایەکەی تری ژیانی پێ دەکات:

کە کوێرەوەرییەو هیچی تر.

دیارە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینە ئەو ئاستەی نرخ و بایەخی کەسانی ناو کۆمەڵەکەمان بەڕاستی بناسین و هێشتا پێوانەی ڕاستەقینەی ئەو بایەخەمان نەدۆزیوەتەوە. ئەگینا هەقە بەچاوێکی ترەوە بڕوانینە خۆشکانی خەباتکاری وەك خورشیدە.

دەڵێم: خەباتکار، چونکە پاڵەوانێتی تەنها مەیدانی جەنگی گوللە دەری ناخات. بەڵکو هەموو ووره بەرنەدان و بەردەوامی و کۆڵنەدانێك لە مەیدانی پان و بەربڵاوی ژیاندا، لەسەر ڕێبازی

راستـیو هاوشـــان ڕۆیشـتنی میـژووی پێشکـەوتنی مرۆڤ دا، پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی.

قەڵەم دانەنان لەناو کۆمەڵێکدا کەنرخی قەڵەم نازانێ.

کەووشـە لەسـەرێشـەو هەرەشـە زیـاتـر بەخـاوەنـەکـەی نابـەخشێ جۆرێکی تری شوێن دیاری پاڵەوانێتییە.؛

ئەمـە بەنیسبـەت هەمـوو نووسـەرێکـەوە... جا نەخـوازە کە ئەو نووسەرەش ئافرەتێکی ناو ئەم کۆمەڵە گوناحەی ئێمە بێت.

ئەم بیرانەم بەبیرا دێن لەکاتێکدا هەندێ دیڕی ژیانی «خورشیدە» بەدەستخەتی خۆی دەخوێنمەوە.

داستانێکی تر لەزنجیرەی هەزارەها داستانی وونی کەسانی ئەم کوردستانە.

هەقە لەجیاتی ئەوەی خەڵکی ئەم خاکە، شوناسنامە هەڵگرن، داستان نامە بخەنە باخەڵیانەوە...

هێی: گەر ئەمـە کارێکـە نالـوێ خۆ لەتـۆمـاری دڵـدا ئەم داستانانە تۆمـارکـراون و تەنهـا هاروژانـدن و هەڵرژاندنیان دەوێ بەهەرحاڵ، بارێ نەدەین ئەم ئەنـدێشـە دڵنشینـانـە لەبـاسەکەمان هەڵبوێرن... باچاو یێك بەم رازانەدا بخشێنین.

لەسـاڵی ١٩٤٢دا «خورشیـدە» دنیـای وولاتـەکـەی بینی،تەمـەنی هەشـت سالێم بریتییـە لەبێ باوکیو بێدایکیو سامنـاکی کوڕی مامی خۆم، واتە برازای باوکم،، باوکی بە فێڵ کوشت،! و

لەزەمانی پاشایەتی بوگەندا بەبەرتیل خۆی ڕزگارکردو ملك و ماڵی لێداگیرکردین . . . هەتا ئێستەش ژیانی من بریتی‌یە لەئەشکەنجەو سەرسامی بەهۆی ئەو گوللەیەوە کەئامۆزاکەم لەپشتەوە بەباوکمیەوە نا . . ! «سەرەتای خوێندنم بۆ منداڵیم دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی بێ باوکییەوە، لە پۆلی چواردا لە خوێندن دابرام. دەست ژنێکی لەئەندازە بەدەر دڵ ڕەق و کۆنەپەرست و پوولەکی کەوتبووم . . . ئەو براو کەس و کارەی سەر بەم ئافرەتە دڵ ڕەقە دڕەندەیە بوون، هەر هەمان ڕێبازی دوژمنایەتی‌و بگرە زیاتریشیان لەگەڵ گرتم و بەردەوامیش . . .لە ماوەی شەش مانگدا دوو ماڵە مێردی بۆ پارە پەیداکردن بۆ گیرفانی خۆی پێ‌کردم . . . بەڵام هیچیانم پێ قبووڵ نەکرا . . . هەرچۆنێك بێ خۆم ڕزگارکردو گەرامەوە پۆلەکەی خۆم . . هەر هەمان ساڵ بەدووەم دەرچووم بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی . . ئیتر بەتەنیاو بەنەبوونی‌و بەبێ‌کەسی، خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد . . بەڵام بەهۆی دەستی چەپەڵی ئەوژنە چاوچنۆکەوە، کەخەڵك پێیان ئەووت دایك « کە لەئامۆزا باوك کوژەکەم بۆ سەر ژیانم، خەتەرتربوو» . . لە قوتابخانەی ناوەندی وەریان نەگرتم چونکە لە «نفوسدا» هەشت ساڵ تەمەنی زیاد کردبووم . . ناچار بەشداری سێ خولم کردو لەهەرسێکیاندابە یەکەم دەرچووم و لە خولی سێیەمدا دامەزرام و بووم بەمووچەخۆر»

« سەرەتای خوێندنەوەم لەپێش ساڵی ١٩٥٨دا دەستی پێکردو تەنها

خوێندنەوە بوتە هاوڕێم»

بەڵێ ئەمانە ئەو باوەشە دڕکە زیبانەن کە «خورشیدە»ی منال و بێگوناهـ خوی تێدا دوزییەوە.. تەنیا دەروویەك کە بەکولنەدانی خوی بوخوی کردەوە: خوێندن و خوێندنەوە بوو... ئینجا نووسین دەربڕینی کول وکوی دەروون..

ووشە بوو بەو پارسەنگە ئینسانیەی هاوتای تەرازووی مان و نەمانی ڕاگرت: مان وەك مروڤ.. مروڤی خاوەن بیرو ڕەوشت و ئەندیشەو هەلویست.. مروڤیك کە دەیەوێ ئاوازی هەست و هەلوێستی مروڤانەی خوی تیکەل بەڕووباری هەرگیز نەوەستاوی مروڤایەتی بکات.. خورشیدە دەڵێ «لەپێش ساڵی «١٩٥٨»وە ووردە ووردە دەستم بە نووسینی شیعر کرد بەبێ ئەوەی بزانم شیعر چییەو چونە».. لێرەوە خورشیدە ڕێبازی خوی هەلبژارد... نووسینی شیعر بو دەربڕینی دەستی ئینسانی خوی، شیعر بو ژیان و بو مروڤ؛ هەر ئەم خاسیەتەشە کە پەرەی پێداوەو مورکی هەلبەستەکانی دیاری دەکات.

شیعرێکی ساف، سادە، خوکرد «عەفەوی».. شیعری ڕومانسی لە شێوەی «موناجات»دا؛ موناجات: بانگەواز بو کەسان و، بو دیمەن و شوینەوارەکانی سروشت/ سکالا دەربڕینی خوی بویان هەلڕشتنی سوزی سادەو ڕاستگویانەی ناخی.. هاواری بە هاناوە هاتن و بە فریا ڕاگەیشتن.. باوەڕی نەبەزین و خوڕاگرتن.. سەیر

لییە .

لە کۆمەڵێکدا کەدووچاری ڕژێمی ڕەشی پاشایەتی‌و سیستەمی دواکەوتووی دەرەبەگایەتی‌یە، لەکۆمەڵێکدا، کەمرۆڤەکانی تر دڵیان ببورن «مێشکیان» پەردەو هەست بە هەناوی لێقەوماوان ناکەن، سەیر نییە کەلەو چەشنە کۆمەڵەدا تەنیا سروشت ببێتە هاوەڵی مرۆڤ و هاوڕازی خەم‌و خواستەکانی ئەم ئاوازە سادەو ڕاستگۆیانەکە خەریکن لە ئەدەبەکەماندا کزدەبن.

بەڵام لای خورشیدە، هۆو پاڵنەرو، لەئەنجامیشدا کاریگەریی خۆیان پاراستووە .. بەبێ پێچ و پەنا ئەو بانگەوازە ڕادەدێرێ کە شیعر بەشێکی جیانەبووەوەی ژیان و هەست و هەڵوێستی مرۆڤانەیەتی.. بۆیە خوێنەر هەربەزوویی هاوسۆزی خۆی لەگەڵ هەستی ئینسانی شاعیردا دەردەخات.

وەنەبێ خورشیدە تەنها بۆخۆی وەك مەسەلەیەکی جیاو دوورە پەرێزی ژیانی میللەتەکەی خەم نەخوات .. ئەو تەواو ئاگاداری ئەو ئازارەیە کە لانکەی ژینی ئەوی نەخشاندووە.

بەڵام ئەی ڕێبوار من لەبارووتا
چاوم هەڵێنا لە خوێنی ڕووتا

ئەگەر ئەزانی بەسەرهاتی من
مێژووی پرسامی هەموو کاتی من

ئه ئاسمانی چاو خوڕەم ئەباریٚ
سروشت، لەگەڵتدا ئەگری بەجاریٚ

گریانی سروشت و ئاسمان و بەشداری پیٚکردنیان له شیوەنی ناوەوەی شاعیردا، هەڵس وکەوتی رۆمانسیانەی شاعیر لەگەڵ ئاکامی ڕووداوەکانی واقیع دا روون دەکاتەوە.. وەڕوویەکی دیکەی ئەم هەڵس و کەوتە گەڕانەوە بۆ یادگارو شویٚنەوارەکانی منداڵیو بەسەرکردنەوەی دۆست و هاوڕیٚیانیٚتی لەهەڵبەستی « من و ئاوەکەی قولنەدا» خورشیدەراستگۆیانەو دڵپاکانه هەستی بیٚگەردو هیوای نازداری مرۆڤی دڵ بەژیان خۆش بەرامبەر ستەم و ئاوات دەردەبڕیٚ.

بەکورتی ئەو سەرچاوانەی ئیلهامی شیعرییان لیٚ هەڵدیٚنجیٚو دڵی دەخەنه بزاف و بابەتەکانی گەلاڵە دەکەن ئەمانەن:

١ ـ سروشت و ناوچه جوانەکانیکوردستان.

٢ ـ یادگاری منداڵی خۆی لەو شویٚنانەدا.

٣ ـ بابەته ڕۆمانتسیه ناسکەکانی وەك منداڵ و شەوو پەپوولەو شمشماڵ ژەن.

٤ ـ پرسەو ماتەمینی مامۆستاو دۆستانی.

٥ ـ ناکامیو سەرسامیو حەپەساوی خۆی بەرامبەر کارەساتەکانی ژیانیو هەست کردن بەتەنیاییو بیٚ هاوڵی خۆی «بەتایبەتی

نەبوونی بەدایکێکی خاوەن منداڵ»..

بۆ دارشتنی ئەم بابــەتــە خورشیـدە تەنهـا بەدوای هەست و کوڵی دەروونی خۆی دەکەوێ چونکە بابەتەکانی خۆیان بابەتی هەست و سۆزو عاتیفـەن .. ڕاستگـۆیـانـە هەستـە هەڵقوڵاوەکانی دەردەبڕێ بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بیرو لێکدانەوەی قووڵ بەرێ پێش وەخت هیچ ڕێو شوێنێك و شێوەو ڕووخسارێك بۆ هەڵبەستەکانی دیاری ناکات لەدوای لەدایك بونیشیاندا، بەدەگمەن یان زۆر بەکەمی دەستکاریان دەکـات بەکـورتی، شیعـرەکـانی شیعری «تەبع»ن تەبعێکی ڕەوان و ڕاستگــۆ زوربــەی هۆنــراوەکــانی لە شێــوەی شیعــری زمـانی «هەوارمی»ن واتە شێوەی «بەیت» کە هەر دوو دێڕ لەسەریەك قافیەن أ.أ، ب.ب، ج.ج .. هتد و کێشی پەنجەیی دە برگەیین «٥ +٥» کە بەزۆری لەلایـەن شاعیـری مەزنـەوە «مـەولـەوی»ی نەمراڵ بەکارهێنراون . هەڵبەت شارەزا بوونی خورشیدەی هەڵەبجەیی لە شیعـری مەولـەوی و، فۆلکلۆری کوردی ئەوناوچەیە بۆی لواندووە بتوانێ ئەم کێشە کوردییە خۆماڵییە هەڵبـژێـرێ و بەسـەرکەوتویی بەکاری بێنێ... هەندێ هۆنراوەشی کێشی هەشت برگـەیـان هەیـە، کـە ئەویش کێشێکی خۆمـاڵی گۆرانیی کوردییە..

ئەم کێشـانـە لەگـەڵ زمـانـە پەتییەکەی، ڕواڵەتێکی ڕەسەنییان بە هۆنراوەکانی بەخشیوە.

خورشیدە توانیویّتی ئەو کیّشە برگەییانە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی بەکاربیّنیّ. . . لە هۆنراوەی « پەیام»دا کیّشی هەشت برگەیی بەکاردیّنیّو ڕەنگاوڕەنگی تیّدا دروست دەکات بەکردنی بەشازدە برگە «٨+ ٨» هەشت برگە «٤+ ٤» چواربرگە «٢+ ٢» لەم ڕیّگەیەشەوە حاڵەتی خەم و سەرسامی خۆی بەشیّوەیەکی دروست و کاریگەر بەخویّنەر دەگەیەنیّ.

لە هۆنراوەی «هیوایەژین» و «پەپوولە»و «داربەڕوو»و « پرسیار لە هەوار»و هۆنراوەکانی تریش ئەم توانایەی دەربڕیوە.

خوشکە خورشیدە خاوەنی دوو بەرهەمی تریشە کە بەناوی «تیشك» و «دیاریویادگار» پیّشتر چاپ کراون لەبەرئەوە تارادەیەکی زۆر لای خویّنەران ناسراوەو بە پیّویستم نەزانی زیاتر لەسەر شیعرەکانی بدویّم. باشیعرەکان خۆیان لەگەڵ هەستی خویّنەردا بدویّن. تەنها دەمەویّ ئەوەندەش بڵیّم کەلەساڵی ١٩٧٠ بو بەئەندامی یەکیّتی نووسەرانی کوردو، لەساڵی ١٩٧٩دا بەئەندامی دەستەی بەڕیّوەبەری یەکیّتیی نووسەرانی کورد لە سلیّمانی هەڵبژیّررا، کەمن شانازی سەروکایەتی کردنی ئەم دەستەیەم پیّسپیّردراوە. . . ئەمەش بوّی لواندین کەلەنزیکترەوە بیناسین. . بەڕاستی وەك ئافرەتیّکی خاوەن باوەڕو هەڵویّستی مەردانە ناسیمان ئافرەتیّك کە ئازادیو سەربەرزیی خۆیو شەرەفی قەڵەمەکەیو خۆشەویستی وولاّتەکەی لەهەموو خیّرو خۆشییەکی خۆی تەنانەت

لە ژیانیشی بەلاوە ئازیزەترە . . بۆیە :من زۆر باوەڕم بەو ووشانەی هەیە کەدەڵێ هەر لە زووەوە «مەبەستم بوو لە ڕێیەکی مرۆڤایەتییەوە ڕاژەیەکی کۆمەڵ و ووڵاتەکەم بکەم، لەزەتم لە ژیانێکدا بەدی نەدەکرد کەتەنیا بریتیبێ لەخەوو خواردن و سوودی تایبەتیو، هەربەسروشت وادروست بووم و هاتبوومە کایەوە زۆر حەزم لەئیشی جوان کرداری، مرۆڤایەتی بەرزو ئازایەتیو سروشت و جوانیو زانیاری کردووە، ئەمانەم بۆ ژیان بە مایە زانیوە زۆر ڕقم لەناونیشانی خواروخێچ ئەبۆوە، چەند لەڕێی ڕەوشت جوانیو ناونیشانی بەرزدا بەهیلاك بچوومایە هەربێزار نەئەبووم و هەستم بە هیلاکی نەکردوە" لەکۆتاییدا هیوادارم خوشکە خورشیدە خامەکەی دانەنێو هەمیشە سەربەرزو سەرکەوتوو بێ

کەمال.

سلێمانی ١٤/١٢/١٩٨٠

# جوانی

تریسکەی دارهەنار لەبەر تیشکی خۆر
سروەو شنەیدار سێبەر ئێجگار زۆر

ڕێ بەرەو ژوورکە بەرزییەو نشێو
بۆنی ریحانە هەرمێوقەیسیەوسێو

تەلآن بەتەلآن جۆگەو کانیاوە
مەشکۆڵەی ماست و دۆ دانراوە

ئاوی وەك تەرزە، ساردو سازگارە
نمونەی بەرزیی کاری کردگارە

خونچەی ئەم شوێنە تازە بەهارە
هەتاکو ئەڕۆی ڕێزە چنارە

جوانە ئەم شوێنە پڕ ڕازو نیازە
تاسەو هەناسەی دڵێ دڵ خوازە

گوێزو دارقەزوان سوورەتووی نازدار
جوڵانەی کوڕپە بەستراوە لەدار

لای‌لایەی دڵگیر ئاوازی دلێر
دەك یاخوا هەرگیز نەچنە گەرمەسێر

ئاگری «داربەڕوو» پنەو سەردوڵە
نانی «هەورامی»، هەوری لەکوڵە

هاژەی تاڤگەی‌زیو ئەدا لەسەر بەرد
مرواری ئەبڕژێ ئەڕوا هەرداو هەرد

ناوبەناو خانووی بەهێلە ساوە
ئەڵێی ئەندازیار نەخشەی کێشاوە

دایك بەرخۆلەی داوەتە بەرخۆی
بەرچینەی پێیە لەگەڵ بەرخی خۆی

سمڵ و مێخەك بەند، سەرو پۆیلەکەی
بەدڵ حەز ئەکەی تێر سەیری بکەی



هەواڵنامەی کتێب

پەیکەری باڵا ئەو چەرخو چاوە
چ پەیکەر تاشێك وەهای کێشاوە

فەرهادی کێوتاش کێوی تاشیوە
دیارە، «شیرینی» ئێرەی نەدیوە

خەرامان واهات لەیل بەلەنجەولار
تەشی ئەرێسێ بن دارەو بن دار

خۆزگە ئەمزانی بەزمانی ماچۆ
ئەموت گۆرانیی شیرین دامەچۆ؛

جریوەی چۆلەکە ساباتی ناوباخ
سەرێك هەڵبڕە، بۆ گەردنی شاخ

خڕنوك و بادەم گوێزو بەلاڵوك
هەمیشە بەهار ڕازاوە وەك بووك

قەتارو شمشاڵ مێگەل «کەلێ» شەنگ
چۆن بۆی نەنوسم دانیشم بێدەنگ



هەواڵنامەی کتێب

بەڕاست لە بەرزیی‌و جوانیی ئەم ناوە
پێنوس هەر کوڵە، سەرم سوڕماوە

هەڵەبجە ١٩٧٧/٨/١١

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆڵەی دایکێک ئاوا بڕوات
دەتوخوا بۆ گوللە نەخوات

لەسەنگەری بەرزی وولات
نەچریکێنێت، واڕۆژ هەڵات

زۆر یادگارم لەیاد ماوە
زۆرتر ئەم سەرچەشمەو ئاوە

ئەو شتانەی لێرە باوە
مەلی دەنگخۆشی ئەم ئاوە

لەزۆر لایکە کانی و ئاو بوو
حەیران، لاوك، لێرە باوبوو

خۆ جوانانی «لادێی وەری»
بەناوبانگە بوون لەگەڵی جێ؛

خۆزگە لەزۆر شوێن ئەبیستران
چەند نازدار، کیژە کوردان

لەپاڵ گردێکا پێیان ئەووت دێ
یەکەم جار بوو دیم دێیەك سێ ماڵ بێ

هەر لەیادمە شڵقەی مەشکەی پڕ
ئاگری تەپاڵە تەپەی نان و گڕ

کەروێشکی سپی لەناو سەوزە گیا
خوا خوای ئەوەم بوو کەس ڕاوی نەکا

(لەناو دەروونی دێرینی زەوی)
چەند هێمن ئاوی کانی هەڵئەقوڵی

پونگەی ناسکی لای جوگەلەی زیو
هیچ ناخۆش نەبوو بۆناو دۆکولێو

ئازیز کچەکورد؛ داینێ کونەکەت؛
بمکە بە مووررووی مێخەك بەندەکەت

سادەی هۆرەیەك؛ چریکەیەك خۆش
ماندووی ڕێی دوورم؛ بابێمەوە هۆش؛

هەواڵنامەی کتێب

شۆڕەبی، چنار، ناو قامیشەڵان
پڕ بوو لە زیکەی هوزاری جوان، جوان؛

پۆرو ڕیشوڵە، کۆترە کێوێلە
بەپوسلێمانکە، ناسك ، جوانکیلە

تاسەیرت ئەکرد بەرهەمت ئەدی
کارژۆڵەی ساوا بەرخۆلەی سپی

هۆهۆی کاك جوتیار لەناو وەردی شین
فرکە فرکی هەنگە، شاوەستای هەنگوین

سمڵی ، بۆن خۆشی ئەم خاکەم هەبێ
عەترو گوڵاوی خەڵکم بۆچی بێ

لەدوور لوتکەی شاخ بۆ ئاسمان چوبوو
قەڵای سەردەمو سەنگەری زوو بوو

شەو ئەستێرەکان کە پێ ئەکەنین
جوانییەکی کەیان ئەبەخشی بەژین



هەواڵنامەی کتێب

ئەی ووت ئەم دەشت و دۆڵو پەیکوڵە
بەندی جگەرە شارەگی دڵە

تیشکی ڕۆژ ئیجگار گەش بوو لەو دێیە
ئەتووت نەورۆزە ڕۆژی نوێی پێیە

بەم جۆرە تاسەو تینویەنیم شکا
شوێنی وام هەبێت، بۆچیمە «نەمسا»

هەڵەبجە ١٩٨٤/١/١٥

هەواڵنامەی کتێب

# کۆسار

کۆسار؛ هەر ئەڵێی کەڵی ئەروانی؛
دەنکە درەکەی دەریای ژ یا نی ؛
شعرت بۆ بڵێم وەك کەناری بێ؛ ؟
خۆی دانیشێ بۆت بەکوڵ بخوێنێ ؛
یان وەك شاعرێك شێتی‌جوانی‌ی بێ،
شەیوای سروشتی نیشتمانی بێ،
خۆشتر لە بلبل بخوێنی بەکوڵ،
بۆ جهانی شاد ؛ پەپولەو دار گوڵ،
کەی‌کاتێك شەفەق شەو ئەکاتە خەو
دێ دەنگی شمشاڵ قاسپە قاسپی کەو،
گەش وەك نێرگزی دووچاوە کانت ،
پڕ وەك پەرژینی برۆو برژانگت،
مەنگ وەك هەڵوێتی نەرموونیانت،
ڕووناك وەك بەهرەی بەرزیی ژیانت،
بۆت بهۆنمەوە زۆر جوان بەووردی ؛
لە وشەی زیرینو دێرێتی کوردی ؛
کاتێك لیزگی خۆرسەر دێنێتە دیار،

ئەدا لە شاخی هەزار بە هەزار،
بەتاڵی تیشکی ئاسۆی گەشو نوێ،
بۆت ئەهۆنمەوە بۆ یادگار هەتبێ.

هەواڵنامەی کتێب

# هەژان

خۆزگە، ئەت زانی ئەمەوێت،
کەی باست بکەم
خۆزگە، ئەت زانی ئەمەوێت
کەی ناوت بیەم

لەوساوە ئەندێشەم
وەك پەپولەیەکی ساوا
بەدەوری یادگارەکاندا
ئەسوڕێتەوە
وورده وورده جێ هەنگاوەکان
ئەخوێنێتەوە
نەخشە بۆ دژواری و مەودای
پەژارەکان ئەکێشێت
جێ هەنگاوەکانی دا هاتوو
دیاری ئەکات

ئەی مێژووە ڕەنگینەکە
ئەی لاپەڕە نەمرەکە
هاتم

هەواڵنامەی کتێب

لەیادتا، هاتم
بەڵێ هەر هاتم
هاتم لەبەر تیشکە ڕەنگینەکەتدا
لە دەریا دێرینەکەی ئاواتەکانتدا
وورده وورده بەدڵێکی پڕ لە هیواوە
بەبڕوایەکی وەك پۆڵاوە

لەقەراغ شەپۆلە ووردەکانی دەریاکەدا
لەژێر چەخماخەی هەورە بروسکەدا

ئای چەند بەلامەوە پیرۆز بوو گەڕانەکەم
چەند بەلامەوە بەڕێز بوو گەڕانەکەم
بۆتە مەبەستم ئێستەیش و هەرگیز
هەربۆی ئەگەڕێم
هەربۆی ئەگەڕێم و
دەست بەرنادەم
دەوران ئەهەژێنم
دەریا ئەهەژێنم
دەنکە مرواری دەردێنم
مانگ دوای مانگ

هەواڵنامەی کتێب

ساڵ دوای ساڵ
بەرەو لای خۆرم ڕائەکێشێت
بێگومانم هەر ئەڕۆم و
هەرئەگەم

لەو تیشکانەی ئەمان ویست
چەپکێ بۆئەکەم
لەو ڕۆژانەی ئەمانویست
وورد بۆ مێژوو ئەدوێن

لەو مەلانەی ئەمان وویست
سروودمان بۆ ئەڵێن

لەو مروارییانەی ئەمان وویست
لەگەردنی چیای ئەکەین

نەتۆ ئەکوژێیتەوە
نەمن دەست بەرئەدەم
جا ئەوکاتە باست ئەکەم
ئابەم جورە ناووت ئەبەم

هەڵەبجە ٩٨٤/٣/٣١

هەواڵنامەی کتێب

## ئەندێشە

بەئەندێشە گەڕامەوە
بەکاتەکاندا خولامەوە

هەنگاو بەهەنگاوکە ئەمنا
لەوەرزەکان سەرنجم ئەدا

لەڕێبوارەکانم پرسی
لەڕۆژگارەکانم پرسی

پرسیم لەکەژ، لە دارقەزوان
لە یادگارەکانی جاران

لە نشێو، لەبەرەو ژوورکەکان
لەکزەبا، شەستەباران

لە چەم، لەکانیاو، لەچنور
لە ماندووەکانی ڕێگەی دوور

هەواڵنامەی کتێب

پێشمەرگەکانی فەلەستین
خەبات، یەکێتی، تەبەزین

لە شەختە بەفری کوێستانان
«زەردەپەڕ» گزنگی بەیان

لە قارەمانانی جیهان
لە مێژووی مرۆڤ لەژیان

هەنگاوەکانی مامۆستا
تاکوێ ڕۆی لەکوێ وەستا

وتیان نە، نەوەستاو ئەڕاو
ئەژی نامرێ بیرو هیوا

هەڵەبجە ١٩٨٤/٣/٣١

# هیوا بەژین

هەرچەندە بیرم بڵاوە!
پەژارەم لێ وروورژاوە!

لێت بێزار نیم ئەی هەوارم
یادگاری بەرزی ڕۆژگارم

هەرچەند بە «نامۆیی» ئەژیم!
پیرۆزیت لام، لێت بێزارنیم

یادمە لای تۆ سورە چنار
منالێك بووم، بەرخی هەوار

زۆرجار لەم ژێر سێبەرەی تۆ...
لێرەدا ئەم کرد هەڵمەقۆ.

لەگەڵ کچ و کوڕانی وورد
لەم بوارە، یاریم ئەکرد

لە ناکاو ئاگری گوللە
ئەڕژایە ناو ئاوی قوللە

زەماوەند بوو شایی ئەکرا
بووك بە سواری ماین ئەبرا

برنەو بەشانی ئێجگار زۆر
ئەبریسکانەوە لەبەر خۆر

دەنگی زوڕنا هی دەهۆڵ کوت
ئەی بەخوا کاکە خۆشت گوت

ئەبوو بەئاهەنگ قریوە
شار پڕ ئەبوو لەزریوە

لەبەر ناڵەی بریسکەی گەش
ئەیکرد بەگاڵە «کێوەڕەش»

## بەڵاێک

لای من لوتکەی کەژ ئێستە بەفریە
وەك وەرزی بەهار هەوار ڕەنگینە

تاقەی قەڵبەزە بەرزیی کۆهساران
بووەتە مەدالیای کوردستانی جوان

کەچی پێم ئەڵێن سەردەمی بەهار
ئەو کاتە وەرە بیبینە «کەلار»

زۆر شوێنم دیوە لەنزیك و دوور
«تەپەکەلم»دی لادێی، شارەزوور

هەر تەنیا «سێمال» زۆر بەبێ دەنگی
لەگەڵ ستەمی ڕۆژگار ئەجەنگی

پیرۆزیت لام، لێت بێزارنیم
یادگاری بەرزی منالێم

بەجوانیی تۆ مێشکم پڕ بوو
ئاشنای شاخ و شوێنی چڕ بوو

دەسا تۆیش ئەی شوانی خەمگین
خۆ هەر نابێ کز هەڵنیشین

من بە شیعر تۆ بە شمشاڵ
باپاراو کەین گەرووی زۆر تاڵ

بابێت نەوایەك بەووردی
لەسەر شێوەی شیعری هەردی

ئاوی خوڕو «کێوی» سەنگین
دەشتی زۆرو دێراوی شین

خەڵك وەك «هەنگ» و زەوی هەنگوین
جوانە هەوار، هیوایە ژین،

ڕانیە ١٩٧٤/٥/١٥

# دار بەڕوو

خۆزگە داربەڕوو، من و تۆ هەردوو
ئەبووین بەسێبەر بۆ گیانی ماندوو

ئەبووین بەسێبەر، ئەهاتینە بەر
بۆ ماندووی ڕێگەی «بانە»و «ڕەوان سەر»

ئەوەی لە سێنیو سفرەی نەپرسی
ماندووی ڕێی سەختە بەسکی برسی

ئەبوین بەخوڕەم لەدوا لوتکەی شاخ
ڕامان ئەماڵی خەم و تەم و ئاخ

ئەبوین بەبەهار، ئەبوین بە ئاورنگ
ئەبوین بە بەیان، ئەبوین بەگزنگ

لەم ژینە ئێمەیش دەورێکمان ئەبوو
ئەبوین بەسەنگەر بۆ ئاواتی زوو؛

لەو لارە ڕێیە بۆ خۆت لەسەر یاڵ
پرچی ڕەنگینت کردووە بەرەشماڵ

خۆزگە ئەهاتم هەروەکو هۆزار
سەربەست هەڵئەفڕیم لەم دار بۆ ئەودار

بەدەنگێکی ساز چاك ئەم چریکاند
ڕۆژی ئازادیم لەخەو هەڵئەستاند

ئەبووم بەسروود، ئەبووم بە شەماڵ
تەلیسم و داوم گشت ئەکرد بەتاڵ

تاکو گوڵاڵەی زەردو سوورو گەش
ڕێگەی کاروانیان ئەچنی وەکو فەرش

لەنەورۆزێکدا نەوبەهاری کورد
داستانەکانمان، وورد وورد باس ئەکرد

١٤/٧/١٩٨٠
هەڵەبجە

# پەیام

پەیام هێن، منیش وەکو تۆ
دەستم لەجێی خۆی دەرچووە!

دەستی تۆ لە گەردندایە
من دەستی خۆم لێ وون بووە!

لەسەر ڕێگەیەکدام ئەڕۆم!
بێ ئاگام لێی گەلێك وێڵم!

بەڵام هەرئەبێ بجوڵێم
لانەی تەنیایی جێ بێڵیم

ڕێگەیەکە کەپێی ئەڵێن
گوایە جیهانێکی نوێیە

جانازانم ڕاستە وایە؟!
یان داوی ژانێکی نوێیە!

ڕووناکی لێیە ئەو جێیە؟
یان شەوە! تارێکە ڕێیە!

بەڕاستی ئەژنۆم ئەلەرزێ!
ئاخۆ ڕۆژگار چیکەی پێیە؟

ئەو پەیامەی کە هێناوتە؟
ماندووی ڕێیە ؟یا ئاوساوە؟

نامەیە؟ یا هۆنراوەیە؟
یاچیرۆکی تیا نوسراوە؟

هەر پرسیاری بێوەلام بوو !
هەریەکە بەلایەکدا چوو !

پەیام وتی من بێ قاچم !
لای تۆم و هیچ کوێیکە ناچم !

کاتێ پەیامم بردەوە
دانیشتم، خۆی خۆی خوێندەوە !

گەرم و گوڕ بوو!
دڵی پڕ بوو !
سەرم سوڕما !
ئەم دڵ پڕی‌یە چۆن وا ڕووی‌دا ؟!!
کەی؟ لە کوێ بوو؟!

نەپەڕەیەك نەبیست نەدوو !
هەرگوێم گرت و تەواو نەبوو!

نەهۆنراوە، نەپەخشان بوو !
نەچیرۆك بوو؟ ئەی‌هو! ئەی‌هو!

باشە هەتاکو ئێستامن
لەژێر زەوی‌دا بووبووم وون؟!

بۆ بەبێ پرسیارو وەڵام؟!
کوێرانە گرتان ڕێی ئەنجام!

زۆر بەی ڕۆژگاریان لێ‌دزیم!
بۆهەرمن، ئاسایی نەژیم؟

بۆ بێ تاوان؟، بۆ بەبێ هۆ؟!
ڕوناکیتان لێ دزیم بۆ؟!

لەژینم دا نامرادبم!
بۆ هەر من تەنیاو ناشاد بم؟

پەیامم دا بەڕەشەبا
باوەك تەمەنی من بیبا!

١٩٨٠/١/٢٠
هەڵەبجە

## سووشنەو یاد

کانی‌یە بردینە یادگاری منی
یادگاری گەلێ ڕۆژگاری منی

بەزیخ و چەوو خڕەبەردی تۆ
لێرەدا ئەم کرد یاڕی هەڵمەقۆ

لای ئەم «داربی‌یە»، لەم سێبەرانە
چەند چاو ئەڕێژرا، پرچ ئەکرا شانە

کل و کلتوری چاوی ڕەش و کاڵ
هاوڕاز بوون، لەگەڵ مێخەك بەندو خاڵ

تیشکی ڕۆژ ئەیدا لەسنگی زیوین
ئەبویە ئاوێنە بۆ بالاّی شیرین

شیرین شەکرە سێو، گۆنا گوڵی سوور
گەردوون هێنابویە بەرهەم وەك بلوور

سۆزی ژنەکورد (کونئەئاو) لە کۆڵ

ئەبووە مۆسیقای چەم و دەشت و دۆڵ

لەکوێ زریوەو جریوەی مەل بوو
ئەندێشەم ئەفڕی بۆ ئەوێ ئەچوو

لەگەڵ شامارو توولە ماری ڕێ
بێترس و بێ باك بووبووین بەهاوڕێ

ئەچوومە ئەوبەر بۆ توتڕکی سوور
زۆر جار گوێم ئەگرت لە شمشماڵی دوور

پەپولەی ڕەنگین چەند ناسك ئەفڕین
بێئاگا لە خەم، ناڵەو ڕاچڵەکین

خوڕەی ئاو، زیکەی پۆڕی هێلانە
هەنجیرە کێوی، هەنگوینی شانە

جوتیاری چالاك خاکەناز لەشان
ئەکەوتە هۆرە بۆ دێراوی جوان

داره‌وه‌ن له‌دوور به‌خۆی ئه‌نازی
تیپی شاسواران، ئه‌که‌وتنه وازی
ده‌سته‌ی که‌نیش گه‌ل، «له‌ڕانه‌بێره»
ئای که دڵگیر بوو، دیمه‌نی ئێره

ئێسته تۆ چۆڵی، منیش خه‌مگینم
به‌تاقی ته‌نیا، خه‌ریکی شینم

به‌ڵام هه‌رچۆن بێ ژیان هیوایه
هه‌رچه‌ند شه‌و تار بێت ڕۆژی له‌دوایه

من هه‌ر کوردم و، تۆیش کانی‌و ئاوی
هه‌ر هێزی ئه‌ژنۆو، ڕووناکی چاوی

١٩٨١/٤/١٤
هه‌ڵه‌بجه

# شەو

شەوە شەپۆلی
ئەندێشەی ناکام!

خستومیە دەریای
شەوگاری پڕ سام!

سروشت پۆشیویە
تارای ڕەشی شەو !

مەلیش بەماتی
چاوی چووەتە خەو!

نەشنەی شەماڵ
نەسوزێکی خۆش!

درەختەکانیش وەستاون
بێ هۆش

ئەستێرە گەشە
ئەویش وەکومن

شەوق و شادمانی
لێ بووەتە دوژمن!

مانگیش تریفەی
ئەوسای نەماوە!

بێسروە، بێ هەست!
سەرسام وەستاوە!

بەڕاست بەشی من
هەرکەم بوو، خەم بوو!

ئەوەیشی هەبوو!
شەوبوو، تەم بوو!

١٩٨٠/٨/١٥
هەڵەبجە

# کەڵ

کەڵی شەنگی کەژی قەشەنگ
ئەی دڵداری دلێرو مەنگ

مەل و پەپولەی ڕەنگاو ڕەنگ
وورده تیشك گوڵاڵەو هەنگ

لەدەوری تۆ دێن و دەچن
ڕیحانەو گوڵ بۆ تۆ ئەچنن

بێگومانم کە شەوەزەنگ
خۆ ڕاناگرێ هەروا بێ دەنگ

ئاسۆ پێلۆی خەو هەڵدێنێ
بلبل بەکوڵتر دەخوێنێ

ئێمەیش بەتاسەو ئارەزو
گوڵ بارانت ئەکەین هەموو

جا لەم ناو دیمەنە گەشە
لای ئەم کچۆلە چاو ڕەشە

دەنگی زوڕنا، زرنگەی زیوو
ئەکەین بەدیاری بۆ ئەودیوو

١٩٧٨/٤/١٦
هەڵەبجە

# ماتەم

بنو «مامۆستا»، بنو چاو لێك نێ
ژیان تاكو سەر دراوە بەكێ؟

هەرچەند خورپەی دڵ زۆر بێ‌ئەندازە
بنو.. پیرۆزبێت هەواری تازە

نامرن ئەوانەی كەوەك تۆ مردن
بنو.. پیرۆز بێت، بەرزیو سەركەوتن

لە قوڵایی گل، لەناو زامەكان!
داستان بنوسە بۆدار ئەرخەوان

بەرزە ئەرخەوان ڕەنگ ئاڵ و واڵا
بۆ سەر گۆڕی تۆیش وابوو بەئاڵا

با بەهاری نوێ گوڵاڵەی لارێ
نامەی هەواڵ و باسی توێ پێ‌بێ

مامۆستای چیرۆك خاوەن بەهرەی پاك
ڕاستە کە گەوهەر نارزێ لەناو خاك

بنو.. تاکو ڕۆژ هەڵدێ لەسەر کەل
تۆش چاو هەڵدێنی لەدەست نادەی هەل

لەگەڵ کاروانی سەرفرازی ژین
پێ بەپێ ئەڕۆیت، دەم بە پێکەنین

بەڵام ئێستەمن ماتەم ! ماتم!
کاس و خەمباری کۆچی ناکاتتم!

١٩٨١/١٢/٢٩

بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا «موحەرەم موحەممەد ئەمین»وە خوا لێی خۆش بێت

## هەڵوێستێک

لە ئافرەتێکی کوردی ئێرانەوە

کچە بیانی هەر خۆی بەتەنیا
بەپەت باوڵێکی بەستووە بەکۆڵیا

لە «کەلی» ئەندێشە، دەرکەوت وەکو خۆر
تیا بەدی ئەکرێت، جوانیی جۆر بەجۆر

ڕێك و، ناسکو، گورجو، لێ هاتوو
ڕێ لەبەر دەمیا ڕائەکا زوو زوو

چەند خۆشە ئێمەیش ئاسایی بژین
چەند خۆشە هەوای سەربەست هەڵمژین

هەر لەپەنجەی ،پێی، تاتەوقی سەری
وورد سەرنجمدا، گەردێکم نەدی

سەرتاپای باڵای هەر نازداری‌یە
کاری سروشتە، بێ دەستکاری‌یە

لە دەریای جوانیی، دیدەی وورشەدار
مرواری ئەچنم بۆ مای ڕۆژگار

سنگ و ناوشان پان، سپی، بەهرەوەر
پرچی زێرینی، ڕژاوەتە سەر

گەلێ دیمەنم ئەهێنێتە یاد
ئێستە خەمگینن! وەك منی ناشاد!

من لە ڕۆژهەلات، تۆ لەڕۆژ نشین
هەر خوامان یەکە، کەی وەك یەك ئەژین

کچەی بیانی، ئادەمیزاد نیم؟ !
گوایە نامەوێت، وەك مرۆڤ بژیم؟!

بەلام ئەی ڕێبوار، من لەباروتا
چاوم هەلهێنا، لە خوێنی ڕووتا!

لەجیاتی شیری دایك لەم ناوە!

بە خوێن گۆش کرام! ووتیان دۆشاوە

ئەگەر ئەزانی، بەسەرهاتی من!
مێژووی پرسامی هەموو کاتیِمن!

لە ئاسمانی چاو، خوڕەم ئەبارێ
سروشت لەگەڵتا، ئەگری بەجارێ

ڕێبواری بێگەرد، ئێمەی هەرداو هەرد!
ئێمەی ئاوارە، دڵ پڕ ئاخو دەرد!

ئێمەی دووچاری چەپۆکی زۆردار!
هەر لەپایزداین! نیمانە بەهار!

ئێمەی بیٚهەوار، ماندوو ڕەنج بێوەر
کۆیلەو ستەم نۆش! بەلاٚم کۆڵ نەدەر

ئێمەیش وەك ئێوە شەیدای سەربەستین
تارۆژگار هەبێت شێتی شیرینین

هەرلە گرەودایین لەگەڵ گەردوونا!
قوڵنگ بازی‌یە بەسەر بێستونا

هەر هەین، هەر ئەژین
هەرچقڵی چاوی بەدو ناحەزین

لەچاوەکانت ئەباری جەوهەر
بۆیە لەیادما وابوویت بەپەیکەر

پەری ئەی دیاریی، یادی داهاتووم
ووشەی هەنسکی دڵی نەسرەوتووم

ئاسکی بزێو، ئەی مەلی ئازاد
سلاومان ببە بۆ ژیانی شاد

لەم جیهانەدا، جیهانی بەرین
بۆ تەنیا ئێمە سەرفەراز نەژین

١٩٨٠/١٠/٩
سلێمانی

## منو ئاوەکەی قوللە

ئاوەکەی «قوللە»، هاوڕێی ئەم ساڵم
هاو ڕازی هەست و هەناسەی تاڵم!

سەرچاوەی دێرین، جێی یادگاری زوو
«لایەولانك» بوویت، بۆ دڵی سڕبوو!

جار جار وەك دایك بەنەرم ئەتلاوان
جار جاریش بەکوڵ ئەتکردە گریان!

جار جاریش بەخوڕ ئەگریاین هەردوو!
بۆ خەرمانی خەم هیوای بزر بوو!

بۆ ترووسکەیەك لە ئاسمانی شەو!
نەتۆ سرەوتت هەبوو، نەمن خەو!

تۆ بەخوڕەی خەم من بەئاهی سارد
ناڵەو گلەمان بۆ گەردوون ئەنارد

ئێستایش وائەڕۆم بەخوات ئەسپێرم
بەڵام بڵێسەی هەستم ئەنێرم

هەر کە گەیشتە لوتکەی «کێوەڕەش»
پێشوازی بکە، بەدیمەنی گەش

زۆر چاك بزانە کە جێگەی بڕوام
مناڵەکەی زووم، هاوڕێی بەوەفام

چاك لەیادمە، ڕۆڵەی نازدار بووم
هاوڕێ پەپولەو گوڵ و گوڵزار بووم

لەم سەرچاوەیە، بەشەپۆلی وورد
چاو شارکێم لەگەڵ تیشکی ڕۆژ ئەکرد

چنگم گیر ئەکرد لەم زیخە جوانە
بەچلێ شۆڕەبی ئەم کرد جوڵانە

هیچ ئاگام نەبوو لەچەرخی ستەم!
لە بێ بەشیی زۆر، کۆیلەیی‌و ماتەم!

خۆ تۆیش «شیرین گیان»، ناسکۆڵەی «بتوێن»
جار جار هاودەم بوویت، بۆ دڵەی بێ شوێن!

دڵەی زویرو، زامدارو شێواو!
وەك مەلی تیژڕەو پەل و پۆ شکاو!

هەر دەم لەیادە ناسکی هەستت
شێوەی دڵسۆزیی دوو چاوی مەستت

توخوا «شیرین گیان» جاباپێت بڵێم
لەوەتەی کەهەم هەر ڕێبواری ڕێم

ڕێ زۆر دژوارە پڕ لە چقڵە!
ئاز اری چقڵ بۆ ناخی دڵە!

من هەر ئەڕۆم و هەنگاوێك ئەنێم
هەنگاوی دوایی بۆ دواوە ئەخزێم!

بەڵام شمشماڵ ژەن سۆزێك، براکەم

هیچ سوودی نییەبێ هیوایی و خەم

بێگومان ئەمڕۆش ئەڕوات لەکوێیە
دڵێ هەر شەوێك ڕۆژێکی تیایە

لە ڕۆژ هەڵاتدا، کاتێ ڕۆژهەڵات
کاروانی شەوەی ڕابردوویش ئەگات

دەنگی شمشماڵ و، شیرین و، سروشت
ماڵ ئاوایی گەرم لەئێوەو، لەگشت

١٩٧٦/٧/١٢
رانیە

# یادێکی «مەولەوی نەمر» لە نەورۆزدا

تریفەی مانگە شەو، ڕەشماڵی شەوگار
فەرهەنگی بیری هەستیاری هوشیار
تیشکی مۆم، ئەندێشەی وورد، شاپەڕی پێنوس
ناڵەی نەی، دەروون، خۆزگە، ئاخ، ئەفسوس

قوربان «مەولەوی»، ئاوڕدە لەمن
ئەوەی گەرەکتە، ڕەنگە لام هەبن

لەزامی جگەر، ووشەی پشکۆی سوور
بکە بە دیاریی بۆ ڕۆژگاری دوور

کڵپەو مەشخەڵی نەورۆزێك سازکە
دەشت و دۆڵی کپ پڕ ڕازو نازکە

زیکەی کەو، سوێسك، کەڵ، ئاسك، مێگەل
بەفری لالەزار، تارای تیشکیکەل

تەرزەی تاڤگەی زیو، سۆزی نەیجەی شوان

بین بەدیاری، هۆنەر، بۆ ژیان

بۆ سەر«شاتە»و کەژ مرواری ناز بێ
بەڕەزای سەوزو چریکەو ساز بێ

سیاچەمانەو هۆرەو گاڵەی خێڵ
لایەلایەبن، بۆ ئەندێشەی وێڵ

تافەی قەڵبەزە، چڕی چەم و باخ
بژنەوم بەستەی باخەوان بێ‌ئاخ

دێم بۆ دیدەنیت، ئەمرۆ ناسبەی
بەبەرزی خاکت تێر ئەڵێم ئۆخەی

کام گوڵ گرنگە، لای کوردەواری
بۆسەر «گڵ کۆکەت» ئەیکەم بەدیاری

قوربان نەورۆزە، بەهارمان ئاڵە
گوڵاڵەی سەرسنگ، پەمەیی کاڵە

هاژەی «کەیاوان» جێ هەوارگەی لەیل
بونەتە کۆرسی هۆزاری دڵ کەیل

نەورۆزە، قوربان، وولآت خەملێوە
بەهاری نوێیە، زستان بەزیوە

١٩٧٩/٣/٤
هەڵەبجە

مەرشاتە: ئەو شوێنەیە کە گڵ کۆی «مەولەوی» تێدایە.
ئەم هەڵبەستە لە میهرەجانی دووەمی شیعری کوردیدا خوێندرایەوە

تێبینی:
لەم هۆنراوەیەدا دووجار وا رێکەوتووە باسی «ساز»و «ناز» هاتووە، بەلآم هەریەکەیان لەجێی خۆیدا جۆرە مانایەك ئەبەخشێ.

## منو بلبل

بلبل چەند جوان بوو دیمەنی لادێ
کەژو گردۆڵکە، کانیو دارهەرمێ

کارو کارژۆلە، بەرەزای شاخان
ئای چەند بەسۆزبوو، زریوەی باخان

مەلی رەنگاورەنگ، دارگوێزی قەشەنگ
چنار هەڵچوبوو، رەنگین و بێ دەنگ

لەناو داربەروو، رەزو بەلاڵوك
لەدوور دیاربوو، تارای سەری بووك

زۆر بەئاهەنگ و چەپڵەو گۆرانی
بەسواری «ماین» بوکیان ئەهانی

لەم بەر بۆئەوبەر شریخەی برنەو
زرمەی زەماوەند، تاکو نیوەشەو

تافەی قەڵبەزە، پڕنیگاری وورد
سیاچەمانەو، شۆخی کچە کورد

لوتکەی ئەندێشەی ئەبرد بۆ لای خۆی
هەرکەس هەڵ ئەستا بەستەخوان بوو بۆی

من بەووشەی جوان، تۆیش بەسۆزی خۆش
سەرچاوەکانمان ئەهێنایە جۆش

ئێستە ئەو کزە، منیش دڵگیرم
بەداوی خەمان بەند و زنجیرم

بلبل با بۆتی باسکەم بەجوانیی
زۆر بە ڕووناکی نەك بە نیهانیی

چونکە لەژیندا نهێنیم نییە
بەڵام بەدبەختم! بۆ؟ لەبەرچییە؟!

مەلێك بووم ئازاد لەباخی سروشت
شەیدای جوانیی بووم، گوڵم خۆش ئەویست

هەر لەبەیاندا، چەپۆکی زۆردار!
بەدبەختی کردم! بەدرێژی ڕۆژگار

کورسیو گیرفان و دراوی بێ فەڕ!
چەرخی ڕۆژگاریان لەچەپ هێنایە گەڕ!

ماڵیوێران کرد چەند لانەی شێوان!
چندان یانەی کرد بەیانەی دێوان!

تۆ بڵێی بلبل گیان، زۆردار لەبن بێ؟!
کەسیکە وەك من ستەم نەنۆشی؟

بلبل خۆ دیارە کەچەند خۆش خوانی
تۆ لەنەتەوەی شای بلبلانی

بەهەستی خاوێن، بەو بیرە بەرزە
دڵی زۆرداری بهێنە لەرزە

بڵێ بێگومان گیانی بەیەك بوون
مۆتەکەی ستەم ئەکات سەرنگون

١٩٨٢/٤/١٥
هەڵەبجە

# ژنە کوردی مەهابادی

خۆزگە ئەمتوانی کوتومت
هەروەك خۆت، وێنەتم ئەگرت

لە ئازایی‌و، لە نەبەزیت
لەدڵسۆزی‌و، لە سەربەرزیت

ئای بۆ پێنوسەکەی «بێکەس»
وێنەی خۆتت بدایە دەس

ژنە کوردی مەهابادی
لایشم سەیر نەبوو وەهام دی

ووتی رۆڵەیەکی کوژرا
مێردەکەشی لەلای نێژرا

ووردەکانم هەر لەبرسا!
لەسەرماندا، هەر لەترسا!

گیانی پاکیان سپارد بەخاك
مردن لەرێی ژیانی چاك

رۆڵەیەکم لە سەنگەردا
بەسە وانەی دوژمن بدا

جانازانم ئەویش ماوە؟!
یان لە شاڵاودا، کوژراوە؟!

هیچ نەم بینی تۆزێك بگری
لەسەر خۆ پێکەنیو ووتی

ئازیزانم خوی هەر وایە
بەخۆڕایی خۆر هەڵنایە

١٩٨١/١/٢٧
هەڵەبجە

# تێهەڵکێشێک لەگەڵ فۆلکلۆری کوردی

پرسیم لە دارگوڵ بۆوا بێباری؟!
هەموو دەم لەگەڵ ڕۆژگاردا یاری؟!

گوڵ هاتە وەڵاٚم زۆر بەخەمباری!
وتی بڕوانە ڕۆژگارو کاری!

لەگەڵ ئێمەدا یاربوونی دوورە!
چنگی ستەمی بەخوێنمان سوورە!

«ناڵاندم چون کەو، پێچم خوارد وەك مار»!
«ئەڵقەم دا لەدەور سەولێ پای چنار»

«پرسیم لەدارگوێز، سەر باشقەی داران»
« کوانێ دەنگی هۆز؟ زەمزەمەی جاران»

« ئەرێ ئەی داربی شۆخی سەر کانی»
((ئاخۆ لەزامی دڵم ئەزانی؟!))

خوڕەی خوێناوی جەرگی کون کونە!
ئەم چەماوە گشت فرمێسکی منە!

فرمێسك و خوێنە ئەڕژێتە ڕووبار
بۆیە ڕەنگین و پاراوە گوڵزار

مەلی ئازادی بێ گەردانەی گوڵ
هەر ئاوارەیەو ناخوێنێ بە کوڵ!

بەڵێ بێگومان کڵپەو کزەو سۆز!
ئەبن بە چاوگ بۆ گڕی نەورۆز

قاقەبەی ژەرەژ، خڕەی راوارە
ئەبن بەسروود، بۆ ئەم هەوارە

١٩٧٩/٧/٢٧
هەڵەبجە

ژەرەژ: کەو

## پرسیار

کوا گوڵ؟ کوا بەهار؟
کوان هاوڕێیان؟
کوا چریکەی مەل؟
کوا پەپولەی جوان؟
گوڵ ئەستێرەی شەو؟
کوا شنەی شە ماڵ ؟
لایە لایەی خەو؟
کوا چەم ؟ کوا چخور؟
کوا ساباتی زۆر؟
ئێستە ئاراستە کوێیە
لیزگی خۆر؟؟!
کوا هیواو ئاوات؟
کوا کامەرانی؟
کوانێ ئەندێشەی بەهای جوانیی؟

ئەستێرە گەشە چاوم لە تۆیە
خۆزگە ئەمزانی هەوارت کوێیە

بەڵام بەمجۆرە کەی لەتۆ ئەگەم؟!
مەگەر ژمارەی پەژارە بکەم

١٩٨١/٧/١٥

## جەژن

لە جەژناندا هەرمن تەنیام
بێدایك و، بێباوك و، برام

نەخوشکێك، لە دەرگاوە دێ
نەرۆڵەیەك، وورد بۆم ئەدوێ!

ئەڵێ.. دایە!
راستە وایە

خۆ ئەم ئاوو هەواو گڵە
مێشکی سەرە خوێنی دڵە

ئەگەر بێو نازی نەکێشین
بێگومان بێهۆش و گۆشین

دایە ئەزانی «مامۆستا»
زۆر مەردانە دڵی وەستا!

بەڵام هەست و هۆش و بیری
تازە، کەوتۆتە ئاودێری

ئاوی نەمامی نوێ ئەدا
لە نوێوە ژین دەست پێ ئەکا

تەموزی ١٩٨١
سلێمانی

# کچە کوێستانی

کچە کوێستانی ڕوومەت بەفرو خوێن
ئاوارەی زۆردار! زامداری بێ شوێن!

چەند کز ئەڕوانیت، چەندە کەساسیت!
نەکەست دیارەو، نەکەس ئەناسیت!

سوورە هەڵاڵەو چنورو شەوبۆ
ئێستە ئەوانیش زامدارن وەك تۆ!

بۆ ئێوە مەل بوون وا کەوتنەداو؟!
بۆ مێشوولە بوون وەها کران ڕاو؟!

ئێمە ئەمەمان هەر لەگەڵدا بوو
بۆچی چەپۆکی خومەینیش مابوو؟!

نازدار نازانێ ؟! خۆمنیش کوردم
خۆم بۆدای بەکوشت بەڵام نەمردم

چەند ئازارم چەشت! چەند خەمم نۆشی!
بۆ ئەوەی کەتۆ بژیت بەخۆشی

بۆ ئەوەی وەها بەستەم نەژین!
وا بەبێ کەسیو بەدبەختی نەمرین

بێپەروا بڕیم ڕێگەی سەخت و دوور
بۆ ڕزگاری تۆ شکاندم سنوور

نازدار ئازیزم بەخانووی تەپیوو!
بەدەست و چاوو گەردنی پەڕیوو!

بەهەستی بەرزی هەرگیز نەبەزیوو
بەگیانی پاکی ڕۆڵەی خێر نەدیوو!

بە دایکی کوژراو بەباوکی وون بوو!
بە کۆرپەی ساوای ژێر دارو پەردوو

بە چەندان ماڵ و نوێ ماڵی شێواو!

بە تازە بوکی بۆ ناو گڵ براو

بە ناڵەی کەوی هێلانە سووتاو!
بە گۆلاوانی خوێن تیا ڕاوەستاو!

خەیاڵیان خاوە کوردین و هەرهەین
ڕێ چەند دژوار بێت بەئامانج ئەگەین

/١٢/٧/٩٨١
هەڵەبجە

## ماندووی ڕێگەم

هەرچەندە ماندووی ڕێگەم!
کەوتومە ناو دڕکی خەم!

«تارا»، تارە ڕێگاکەم
سەرسامم، ڕێ دەرناکەم!

بەڵام نازانم بەزین
ئەبێ هەڵبێت ڕۆژی ژین

پرسەدار بوم! ڕەشپۆشبوم!
بەدیدارت دڵ خۆشبوم

تیشکی خۆری بەیانییت
ئەندامی پڕ لە جوانیت

تریفەی مانگی چاوت
برۆو برژانگی خاوت

هەر کە یەکەم جار بینیم
هۆنراوەیان پێ نووسیم

ئەم چەند دێرە دیاریی بێت
دیاریی کوردەواری بێت

ئەڕۆم گوڵت بۆ ئەکەم
سەد جار ملی ئەشکا خەم

کام چیا ڕەنگاو ڕەنگە
کام چڵ بەرزو قەشەنگە

بۆی ئەفڕم ئەچریکێنم
مژدەی هیوات بۆ دێنم

لەکوێ گوڵ خەرمانەیدا ؛
عەترو گوڵاوی ڕێژا

هەستی منیش لەوێیە
گوڵاوی بۆتۆ پێیە

لەکوێ ئەڵێن ڕۆژهەڵات
تاریکی ئەبێ بڕوات

هەستی منیش لەوێیە
ڕووناکی بۆتۆ پێیە

١٩٨٤/٤/٤
هەڵەبجە

# شیوەن بۆ گۆران

پرسیم لە ڕێگە، پرسیم لە ڕێبوار
پرسیم لەدارگوڵ، پرسیم لە چنار

پرسیم لە کازیو، پرسیم لەکاروان
ئاخۆ ئەزانن لەکۆچی «گۆران» ؟!

شۆڕەبی خەمبار سەری ڕاوەشان!
سەرچاوەی ڕوونی، هێنایە گریان

جریوەی ئەستێرە سروشت و جوانی‌ی
شۆخی کچە کورد، شیعرو گۆرانی

کەف زیوینی چەم سۆزی هۆزاران
کزۆڵ مانەوە! بێ نازی گۆران!

کێ بایەخ بدا بە جوانی‌ی ژیان؟!
کێ وورد بنووسێت، ئەنجامی یاران؟

کێ دەروونی مەنگ بکا بە دەریا؟!
کێ بەهۆنراوە پەیکەر دروست کا؟

«دەروێش عەبدوڵڵا»و شۆخی ناو دەرگا؟
چ پێنوسێکی‌کە، باسیان بکا؟!

چ پێنوسێك وا نووسی بەووردی
کە چەند بێزارن لە جووکەی کوردی

کێ وەك ئەووەستا ڕوو بەڕووی زۆردار
پیرۆزبایی‌کرد، لەیەکی ئازار

هاوڕازی «بێ‌کەس»، هەستیارم ڕۆ!
خاوەنی بیری پرشنگ دارم ڕۆ!

مامۆستای بەهرەی بەرزو لاوم ڕۆ!
ڕێبواری ڕێگەی پڕ لە داوم ڕۆ

دڵسۆزی ڕاست و بێ مەرامم ڕۆ

ماندووی ڕێی دووریبێ ئەنجامم ڕۆ

کەوی خوێناوی پایزی خەمگین
خەنەبەندانی «مەم» بۆ «خاتوزین»

پەلکە زێرینەی دوای بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر

تریفەی مانگەشەو، چەوی ناو کانیی
ئای! بۆ مامۆستای هونەرو جوانیی!

تیشکی ئەندێشەی بێ سنوورم ڕۆ!
ئەستێرە گەشەی ڕێگەی دوورم ڕۆ!

دەریای زانست و ووشەی جوانم ڕۆ
دەئەی کوێربێ مەرگ، وەی «گۆران»م ڕۆ
شاسواری شیعری کورد زوبانم ڕۆ

دەست بۆ پێنوس بەم، دەستم ئەلەرزێ!

ئاخۆ چی بنووسم ؟ شایانی تۆبێ

دوا ووتەم وایە کە ببوریت لێم
کەی من ئەتوانم شیعرت بۆ بڵێم
ئەمەی کەووتم هەر کەف و کوڵ بوو
خەم و پەژارەو شیوەنی دڵ بوو

١٩٦٢/١١/٢٥
هەڵەبجە

# شیعر

کاکه... شیعر؟ شیعرت بۆ بڵێم؟
بەزمانی هونەر ئەتەوێ بدوێم؟

بەڵێ لە دەریای گەردشی ڕۆژگار؟!
کام ووشە بکەم بە دیاری‌و یادگار؟!

لە سەر ئاوازی مەلی کام سەرچڵ؟!
تیشکی کام بەیان، نازداری‌ی کام گوڵ؟

لە سەر موسیقای کام دەنگی دێرین
زەردە پەڕی خۆر سەر لوتکەی بەفرین

یان لەسەر تەمی کام کێوی دڵگیر؟
سروشتی خەمگین نیگاری زویر؟!

سروەو شنەی دار زریوەی کام چەم؟
شمشماڵی تینوو کەف و کوڵی خەم؟!

کڵاو زەڕی زیو، پرچیووردو جوان؟
پەژارەی، «بێکەس»، ئەندێشەی «گۆران»

قاقەبەی «ژەرەژ»، دەنگی کاری وێڵ!
هاڕەی دەست هاڕی نازدارانی خێڵ

«گەردوون»، تاکوکەی وابێ مروەتی؟
تاکەی سەختیی ڕێ؟! چقڵ! بێپەتی؟

ئای.. وەی.. سەرسام خۆم! نازانم چیبکەم؟!
«بووکی» پەژارە ! کەژاوەی ستەم!

چی بکەم بەخەڵات بوکی کەژو هەرد؟!
لەیلی بەجێماو، مەجنونی ڕەنگ زەرد!

کڵپەی کام «نەورۆز»، ئەی هەتاوی کەی!؟
بەرزی کام دارگوێز، بۆنی کام داربەی!؟

بەڕاست نازانم چیبکەم! چی بڵێم!
چی پشت گوێ بخەم، لەچی‌کە بدوێم!!

بەڵام هەڵبەستێك، هەستی کاك «مەدهۆش»
ڕەنگە دڵی سڕ بێنێتەوە جۆش

ئینجا سەرنج دە، لە زامی دەروون!
لە باس و خواسی دەوران و گەردوون!

یان بچۆ (هەولێر) لای مامۆستا «گیو»؛
دڵسۆزی نامراد، زانای نەبەزیو

بێستونی فەرهاد هەوارگەی شیرین
پڕە لە دانەی یاقووتی دێرین؛؛

خۆت بیکە بەڕست دوڕڕی ڕەنگاو ڕەنگ
بۆ بیری، مێژوو، بیکە بە فەر هەنگ

بەڵێ بێگومان کاروان ناوەستێ،
شەو چەند درێژبێ ڕۆژی ئەبێ هەڵ بێ؛

١٩٧٨/٤/١
هەڵەبجە

تێبینی:
ئەم هەڵبەستە لە میهرەجانی شیعرو
هونەری کوردی‌دا لە هەولێر خوێندرایەوە.

# دیاریی پەپولە

بەڵێ پەپولەم، بەڕاست پەپولەم
پەروەردەی بەردو، هەردو، کەژو، چەم

تیشکم خۆش ئەوێ بۆی شێت و شەیدام
بەرەزای شاخم، نێرگزی شەهلام

ئەڕۆم ئەگەڕێم دەشت و دۆڵی شین
ئەندێشەم ئەفڕێ بۆ شانی هەنگوین

بێسروە ئەفڕم، ئەڕۆم ئاسایی
وورد ڕێگەم ئەبڕم، دوور لەلاسایی

لەکوێ ئاهەنگە بێ، زیکەو گڕوگاڵ
ئەگەمە لای شوان، بۆ سۆزی شمشاڵ

ئەفڕم بۆ ناو ڕەز گوڵی لالەزار
هەمیشە لای من، نەورۆزەو بەهار

مێژووی ڕەنگینی خاکم بەڵگەیە
ڕێ چەند دژوار بێت کاروان لەڕێیە

زۆر نهێنی هەن کەپەی پێ نابەن
گەلێ جوانی هەن هەستی پێناکەن

لەگەڵ تریفەو جریوەی شەوگار
ئەیکەم بە مەشخەڵ بۆ ڕێگەی ڕێبوار

لەدەریای زانست ووشەی زۆر ڕووناك
ئاواتی دێرین، بەهرەو بیری چاك

لەگەڵ تیشکی خۆر ئەدا لەناو چەم
ئەفڕم ئەیدڕم بەرگی شەوی خەم

ئەچنم گوڵێ وورد، سپی، مۆری کاڵ
پێشکەشی ئەکەم بەساڵی مناڵ

لەسنگی سەخت و سەنگین چوارلا
تریفەی شادی بەهاری هیوا

چەپکێك لەگزنگە، «گەشیی» گوڵی ئاڵ
دیاری ئەمساڵی من بێ بۆ منداڵ

منداڵانی وورد ئێوەن هەموو کات
قارەمانانی دوا ڕۆژی ووڵات

جەژنی نەورۆزی ئەمساڵتان پیرۆز
ئێوەن خەمخواری نیشتمان و هۆز

بژین بەئاشتی لەگەڵ سەربەستی
دوور لەجیاوازیو پەژارەو پەستی

١٩٧٩/٣/١

# یادو ماتەم

هانام بۆ نام خانەکەم برد
لەووشەکانت پرسیارم کرد!

«جوانترین سڵاو بۆ ئەو کەسە
کۆت لەپێیە، «قەید» لەدەسە

وەك سەرۆکی سەرکەوتووی جەنگ
بەشانازی بەرز ئەکا دەنگ»

ئۆخەی ووشە ڕەنگینەکان
ئێوە هەرهەن وەك خۆتان وان

هەست و هۆشی هەستیارێکن
تاهەتا دوورن لەمردن

لەئاسمانی شەوی تاردا!
لەڕۆژگاری پڕ ئازاردا

وەك ئەستێرە ئەجریوێنن
وەك و بلبل ئەچریکێنن

ئاودێری داری ئازادین
بەرهەمی بەرزی کاردۆخین؛

ماموّستامان؛
لە هەورامان
لە شاران
لای ئاوارەکان
لە «ئاوێسەر»، لەکۆساران
بوّتۆی یەك ڕەنگ
بوّتوّی یەك ڕوو
بوّ توّی دڵسۆزی
کۆچ کردوو!
دڵ هاتە کوڵ
ئەسرین هەڵچوو!

بوو بە شیوەن
بوو بە گریان!

بنو ئێستە پێڵو لێك نێ
هەر نەورۆز دێ
بەهار دێنێ
سەرچاوەكان ئەژێنەوە
درەختەكان ئەڕوێنەوە

پۆڵ، پۆڵ، مەلە ڕەنگینەكان
ئەگەڕێنەوە بۆ كوێستان
ئەگەڕێنەوە بۆ كوێستان

قووتابیان بە سەركەوتن
دەست ئەكەن بە سروود ووتن

لەگەڵ ووشەكانت ئەدوێن
سروودی ڕۆژی نوێ ئەڵێن

١٩٨٢/٩/١٦

بۆ چلەی ماتەمی خوالێ خۆش بوی بەڕێز، زۆر بەڕێز ماموستای شاعیر « ماموّستا كاردۆخی» ئامادەم كردو پێشكەشم كرد.

## شین بۆ شاهۆ

مامۆستامان، ئەی هاورێکەم
وا تۆیش ڕۆیشتیت ، ڕوو لەکێ‌کەم؟!

کێ لێم بگات، لەکێ‌بگەم؟!
باسەکانم بۆکێ بکەم؟!

کوێ بگەڕێم؟! کام هەردوو کۆ؟
لەکێ پرسم هەواڵی تۆ؟!

چۆن بکەم دیدەنیت «شاهۆ»
ئەی کوێربێ مەرگ! وەی مامەڕۆ!

وەی لەپیری! ئاخ لەمردن!
لەدەست هەردووکیان چی‌کردن؟!

ئەم دوو زۆردارە هەر زاڵن!
مایەی ئاخ و ئۆفی تاڵن!

چەند بەسۆز بوو ووتەکانت
هەستی بەرزو بیری جوانت

گوێم لێ ئەگرتی بەووردی
چەند ناسك بوو وشسەی کوردی

ئەندێشە بوو
جوانیی بوو
پەیامی‌کامەرانی بوو

ئا . . هاکا ، کچم ڕۆژهەڵات
ئێمەیش هەر ئەگەین بەئاوات

بەرگی سەختیو ستەم ئەدڕین
لەسەر چۆپیدا دەست ئەگرین

ئەبینەوە بە چواردە ساڵ
ئەشکێنین «کاسە»ی بادەی تاڵ
بژی خەبات و نەبەزین
بێگومان هەر سەرئەکەوین

مامە.. لەگەڵ بەیانیی نوێ
ئەوکاتەی تازە خۆرهەڵدێ
پەپولە بۆلای گوڵ ئەفڕێ
کەبلبل بۆچڵ ئەگەڕێ

هەر کەئەڵێن وا نەورۆز هات
نێرگز دەموچاوی ئەشوات

سەرچاوەکان، پڕن، خوڕن
هۆنراوەکان، دەنگ هەڵبڕن

ووشەکانی تۆیش هەرگڕن
نەئەکوژێنەوە، نەئەمرن

بەڵام من بێتۆ خەمبارم
تەنیاو ئامۆو لێو بەبارم

١٩٧٢/٧/٢٣
هەڵەبجە

بەبـۆنـەی کۆچی دوایی مامـۆسـتـای خۆشـەویست و بەنـرخ «مـەلا حەسەنی قازی» یەوە «شاهۆ» ووتراوە.

# سەرنج

کەسەیرم کرد ئەو پەیکەرە
سەراپا هەمووی گەوهەرە

بەرزی‌و جوانی ئەو باڵایە
کوتومت ئەتووت ئاڵایە

چ ئاڵایەك، چ ئاڵایە
خۆزگە نهێنی نەبوایە

ئەتزانی چی لەدڵدایە
دڵە وەیاخود دەریایە

بریا نهێنی نەبوایە
باش ئەتزانی کەچی تیایە

کەسەیری گردنم ئەکرد
ئەتووت گردنی چیایە

لەناو بیشەی چیاکەدا
بێگومان (فرازی) تیایە؛

باسی ئەستێرەیەکت کرد
هاتەوە یادم دەست وبرد

گوێی نەبوو لەهەورو هەرا
هەرگەش بوو زۆرجوان ئەتریسکا

جار، جار، لەبەر تریفەی ئەو
تینی نەبوو تاریکی شەو

نازانم چۆن باست بکەم
هەستی خۆمت بۆ دەربخەم

چۆنت پێشکەش بکەم دیاری
کەلەیاد نەچین ئێجگاری

مەر لەبەهارێکی شاددا
لەنەورۆزێکی ئازادادا

کۆهسار بگەڕێم خوارو ژوور
هەڵبژێرم یاقووتی سوور

بۆیە ناڵێم گوڵاڵەی ئاڵ
چونکە سەراپا سوورە یاڵ

تۆ بە چارەسەرێکی وورد
منیش بەئەندێشەی خواکرد

بەڵکو هەردوو کارێك بکەین
ئەو دیمەنە، لەیاد نەکەین!

تۆ تەماشا «فراز» خاتوون
چەندە گرژو مۆنە گەردوون

بۆئێمە هەر دانە ی داوە
بەڵام هەر خەیاڵی خاوە

١٩٨٢/٢/٢٣
سلێمانی

# شیوەن بۆ مامۆستا «کیو»

لەگەڵ سڵاوی گەرم و گوڕ بۆ
گیانی پاکی ئەم مامۆستا سەربەرزە
بەرامبەر گەل و نیشتمانەکەی، وە بەرامبەر
مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

ئای لەسەختی چەرخی ستەم
وای لەداوی مەرگ و ماتەم

کۆچت کرد بۆ هەواری نوێ
کوێ بگەڕێم، چی بڵێم؟ چی‌بکەم!

هەواڵت بپرسم لەکێ؟!
دڵی شەوم چۆن بۆ شەق بێ؟!

کێ بڵێ وامامە هاتەوە
دەست بۆ پێنوس ئەباتەوە

وەك بلبلی دڵ بریندار
بگەڕێم هەوار بە هەوار

کام لوتکەی خەم بهەژێنم؟!
بەچ هەستێك بچریکێنم؟!

لای داربەڕوو، سورە چنار
هاژەیچەم، یان هاڕەی دەست هاڕ

لای ڕەنجبەرە بەتواناکان
لایڕەز؟ یان لای دێراوەکان؟!

لای شوان، لەسەر سۆزی شمشاڵ!
بگەڕێم، بپرسم هەواڵ

لەناو ماڵە شڕۆڵەکان!
لای مناڵە کزۆڵەکان!

لەلای مەلە، تینووەکان!

ناو لاپەڕە، زیندووەکان!

لەسەری ڕەش، تا هەوارمان!
لای دەست نووسەکانی جاران

دەی با هەموو بگرین یەکجار!
فرمێسك بڕێژینە ڕووبار!

تازە، مامە ڕۆی کۆچی کرد!
دڵسۆزەکەی نەورۆزی کورد

ئیتر مامە لە هەولێری
جەژنە پیرۆزە نانێری

وەستا پێنوسەکەی مامە
بۆ منیش نانووسێت نامە

کێ وەك تۆ بەکوڵ بپرسێ؟
کچم بۆ خامەت، نانووسێ؟

مامۆستای بەرزو ڕوو سوورم
هاتووم، ڕێبواری ڕێی دوورم!

وەك مەلی سەر لێشێواوم!
دووچاری تەلیسم و داوم!

مامۆستا «گیو» ئەی بەهێزتر لەزێڕوزیوو
دڵسۆزی بەمراد نەگەیوو

لەم خەم و گێژاوو داوە
سەرسامم! سەرم سوڕماوە!

چۆن پێنووسەکەی من بۆ تۆ
بنوسێت بڵێ مامە ڕۆ؟!

مامۆستای مێژووو وێژەی کورد
من چۆن ئەتوانم بڵێم مرد!

نە. . . هەرگیز ناڵێم مامەڕۆ
چونکە نامریت، هەر زیندوویت تۆ

لەگەڵ گزنگی بەیاندا
لە نەوبەهاری ژیاندا
کە ئەڵێن ئەمڕۆ نەورۆزە
لێك ئەکەن جەژنە پیرۆزە

جائەو کاتە دەرئەکەوی
ڕووەو هیوا سەرئەکەوێ

داری خۆزگەو هەوڵ و خەبات
گوڵی سەربەستی دەرئەکات

بەڵام ئێستە ئابەم جۆرە!
وون بوونت هۆی خەمی زۆرە.

هەڵەبجە
ساڵی ١٩٧٧

بەبـوٚنـەی دوا ماڵئـاوایی مامـۆستـای زۆر خۆشـەویست و نەمـرەوە «مامۆستا گیو موکریانی».

# سکاڵا

ئەگەرێم بۆ هێلانەیەك
دەستی ستەمی نەدیبێ

بۆ کاسەیەك کەهی مەی بێ!
ماری ڕۆژگار نەی نە گەزی بێ!

ئاخ بۆ سروەیەك، شنەیەك!
بەسەر تەرمی کوردە قڕدا!

بەسەر مەرگی کوت و پڕدا!
نەیەت و تێپەڕ نەبوبێ!

دەشمشاڵ ژەن ئەی ئازیزم
مەوەستە بابێ دەنگی نەی

زۆر زویرە دلێ زیزم!
پەنجەت بجولێ دەسا دەی

من بەشیعر تۆ بەشمشماڵ
بادەی خەمی تاڵ هەتاکەی

ملی چارەنووس بشکێنە
بۆ ڕووناکی بچریکێنە

ژیان دەسا چی ماوە دەی
بەڕاستی دڵ بریندارە!

زامەکانی بێ ژمارە
سەرگەردانە دادی نەدەی

جێی بێڵم قوڕو زەلکاوێ
بگەمە سەر چەشمەی ئاوێ

ئای هەزار خۆزگەم بەو کاتەی
کەبەبێ خەم ئەژیم تاوێ

با بێدەنگی؛ کەیانی کەی
بابگات بۆنی زەردە بەی

چنار هەروەك منی هەژار!
خۆ ڕاوەشێنێ لەهەوار!

کوانێ ژیان؟ کوانێ بەهار؟
کوا قاقەبەی کەوی کۆسار؟

من کەلەم سروشتە پاکەم
نەوەی ئەم خاکە خەمناکەم!

لەگەڵ هۆزار، لەگەڵ هۆرە
کام زام قووڵە! پڕ ناسۆرە!

کام شەو سەختە! کام خەم زۆرە!
هەموویم نۆشی بێ نۆرە!

منم هەڵگری نامەکەی

هەرگیز ڕۆژێك، نەم ووت ئۆخەی!

دەڵێدە «نەی»، هەر خەمە ژین!
هەر ئەینۆشین، خۆ نابەزین!

هەر کەهاتین، وامان هێنا!
ئەڕۆین هەرئەگەین بەهیوا

بجولێت پەنجەت بەووردی
بابێت سۆزو نەوای کوردی

هەڵەبجە
١٩٨٠/٦/٥
ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم

لەیەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کوردا بڵاوکراوەتەوە.

# لەگەڵ مامۆستای شاعیر کاک
# «مەدهۆش»ی هونەرمەندا

ئەی کوێربێ پیری نەمێنێ باوی
بمرێ لەناوچێ ڕق و شاڵاوی

هەناسەم تاسا! دوو ئەژنۆم لەرزی!
کەدیم ئاوایە! چەپۆکی پیری!

جائەندێشەم ڕۆی جێی هێشت ئەوناوە
چوو بۆچەند ساڵێك گەڕایە داوە

بۆچ ساڵێك؟ ساڵی شەست و شەش
کەبۆ یەکەمجار ناسیم کاك «مەدهۆش»

ووتیان «خەیاتێك»، ئەوەتا لەم ناوە
هۆنەری چاکە «مەدهۆش»ی ناوە

کاڵای بەری من هەرچەندە بۆرە!
سەیرو سەرسامیو پەژارەی زۆرە!

چووم کاڵام کڕیو هێنام دەست وبرد
کردت بە «پاڵتۆ» جا لەبەرم کرد

ژیان داستانە!، بەرەو ژوورکەیە!
سەرەڕای هەمووی پیریش هەیە

چیرۆکێکە سەیر! هەرخۆی سەرکارە!
هەر لەگەڵ پارەو نەزاندا یارە!

جا، کەهەر جارێك پاڵتۆم ئەبینی
ئەهاتە یادم پێنووس و دەرزی

بەڕاست، هەردووکیان ووردن، هاوڕازن
هەردووکیان بەهرەو بەرزیو ئاوازن

دوو مەلی ناسك ، ئەخوێنن زۆر جوان
ئەمیان بۆ هونەر، ئەویان بۆ ژیان

نابێ گوێ بگری لەباسی پیری
بیدرە، فرێیدە بەرگی زویری

دەست دەرە پێنووس بنووسە بۆ ژین
گیانی هونەرمەند، دوورە لەبەزین

هەولێر
لەکاتی گرتنی کونگرەی پێنجەمی نووسەرانی کورددا

## شیرین

بابۆیەك بدوێین، گیانەکەم شیرین
بەیادی جاران کەدائەنیشتین

تۆی زۆر نازەنین
منی زۆر خەمگین

من بە خوێندنەوە
تۆ بە پێکەنین

تۆ زۆر پەرۆشی دیداری من بویت
باست ئەکردم بۆ هەرکوێ ئەچویت

منیش وەك بلبل بەدیداری گوڵ
هەرکە ئەم بینیت گوشاد ئەبو دڵ

دوو هاوڕێی دڵسۆز، دوو خوشکی گیانی
ئەمان کرد باسی ئەمڕۆو بەیانی

توخوا شیرین گیان
ئێمەی بێ تاوان
سەیرکە چی نەکرد!
چەپۆکی دەوران!

هەر تەواو نابێ تەلیسمی، ڕێی ژین!
کەی ئەمان زانی، وایەك ئەبینن!!

نەبیر، نە تەگبیر
نەژینی چۆڵی
هیچ نەیدا داری
دەردی کلۆڵی

من هەر کەهاتم کەی خۆشیم لابو!
ماری زۆردار لەقژم ئاڵابوو!

ئەو کەسەی کەزۆر نزیکی من بو
چاوی تەماع و چنگی ئاسن بوو!

تروسکە نەبوو، ڕێ زۆر بارێك بو!

هەر بیری تەسك و هۆشی تاریك بو!

باشە شیرین گیان تۆ بۆ وات لێهات؟!
ئەی چی تۆی خستە ڕۆژگاری نەهات؟

ئەزانی شیرین، بەبێ زیادو کەم
ئێمەین شاسواری گۆڕەپانی خەم

ئەزانی شیرین، ئێمەین نابەزین
هەر ئێمەین ستەم دێنینە لەرزین

١٩٨٣/٤/١٥
سلیمانی

تێبینی:
کەلە هۆنراوەکاندا باسی «شیرین» وێت مەرج نی‌یە هاورێکە ناوی شیرین بێت .

# بەسەر زمانی ئافرەتێک

(شیرینی) کلۆڵ! لەیلی نامراد خۆم!
(زینی) قوڕبەسەر ! هەرگیز ناشاد خۆم!

هاوڕێو هاودەمی، تەرمی بێگیان خۆم!
خۆمن بەشوانی؛ (غوولی)! بیابان خۆم!

مەلی بێ باڵی گۆم و زەلکاو خۆم!
گەربێو ڕاست بڕۆم نابێو، بەناو خۆم!

وەك فرفرۆکەی دەستی مناڵ خۆم!
بێ کۆرپەی ئاوات! بێ گرِوگاڵ خۆم!

پاش «٢٥» ساڵ: ڕەنج بەخەسار خۆم!
هەنگوینی لاوی بەزەهری مار خۆم!

تەنیاو بێ تاوان رەنج بەعەبەس خۆم
بە تیرو تانەی کەسو ناکەس خۆم

ژینی بێبەهار دڵ بەئازار خۆم!
بێکەس! بێدادوەر، بەندو دووچار خۆم!

دەبگری!، دەبگری گیانە!
پایزە! هەرخەم هەرزانە!

تافیڵ بازیو دەست برین بێ!
تازۆرداری! ناشیرین بێ!

تەنانەت هاوڕێو کەس وکار!
هەر بۆ پارە ئەبن بەمار!

ئەبنە زۆردار!
پیلان ئەگێڕن وەکو هار!

بەڵام هەر نەء نەکەی بگری
ژین هیوایە، تۆیش بۆی بژی

پیلانی پارە ڕووڕەش کە
ڕێگەی بەختیاری خۆش کە

ببەزیت پێت نازانێ کەس
زیاتر هیوائەدەی لەدەس

بەسەرهات هەمووی وانەیە
بۆپرچی شەوگار شانەیە

هەر ڕووڕەشن ، پیلان بازان
ویژدان ئەفرۆشن بەهەرزان

١٩٨١/٢/١
بەغدا

# پرسیار لە هەوار

هەوار کوانێ «خاڵ»؟
هەر نی‌یە لەماڵ!

نازانم لەکێ
بپرسم هەواڵ

حیلەی «ئەسپی شێ»
ئێستە، لەکوێ دێ؟

ئەی دەنگی دلێر
لەکوێ هەڵئەستێ؟

لەکام شوێن؟ کام جێ؟
کام پیرۆزبادێ

لەکام نەردێنی
ڕێگەی ئازادی

بەبەرزیت، هەوار
دڵ ئەوەند تەنگە

لەتاو دڵتەنگی
زمانم لەنگە

یاخوا چریکەی هوزاران نەیەت!
ئاوازی دڵگیر، بەرگوێ نەکەوێت!

بەبێ لای‌لایە، کۆرپە بسرەوێت!
شنەی شەماڵیش نەڕوات و نەیەت!

گوڵاڵەی ئاڵ و واڵای دەشت و دەر
نەڕازێنەوە! نەنوێنن هونەر!

خۆ ئەوا هەوار بوو بەچەند ساڵێ !
«خاڵ» ماڵی جێهێشت ڕووی کردە چاڵێ !

نەڕێی ڕێبوارە ! نەهی هەواڵێ
کەس بڵا بینینی هیچ شتێك ناڵێ

هاوار لەو چاڵە سەخت و بێروونە!
دانا سەرسامە! زانا زەبوونە!

هیچ ڕۆژو کاتێك شکۆهی نەکرد!
چەند شێری شکاند! لانەی وێران کرد!

چەند بێچووە شێری دایە دەست ڕێوی!
هەرکەس بو ناکەس خۆی کرد بەخێوی

لوقمانی قووت دا، ئەرەستۆی ون کرد
کەس لەم دەروونە! سەری دەرنەکر

باهەڵسێت، دەنگی مام کەریم بەداخ!
ئەو بناڵێنێ! منیش بڵێم ئاخ

خاڵە، لەڕێی دوور لەڕێگەی نەهات!
زۆر بەدڵتەنگی هاتمەوە بۆ لات!

هاتمەوە هەوار! هەوار کش و مات!
نەتۆ هەیت، نەوەك ئەوسایە وولات!

نەهۆرەی دیوان! چریکەی کۆساران؟!
بەرگوێ ئەکەون، چون جاری جاران!

«گەردن، های گەردن
گەردنت زەردە
سەیری سای گەردن
دەرمانی دەردە
هارەی مێخەک بەند
شەو لەخاوم کەرد
من چون ئازار دار
ئەڵهای ئاوم کرد

منو دەماوەند، شەرتێکمان کەردەن
ئەو تەم و من خەم تاوە ڕووی مەردەن!

جەکەلان کەڵی، جەبەرزان بەرزی
هەروێت سەر تەڵێ ، هەروێت سەر تەرزی

باخێکم ناشتووەلەورەزە دێمە
لەدەوری ماڵتان گوڵ داویە خەیمە

بانگ کەن «داوەجو» حەفتاو حەوت شارگەڕ
سەرتاپای لەیلێم بۆ بگرێ لەزەڕ»

ئاخۆ من کێوم؟! یاخود «کێوەڕەش»!
هەردووکمان وەك یەك بێ بەهرەو بێبەش!

نەء بابێ دەنگی ڕاوەرەی منالّ
سابەشکو هیوا بێتە گڕوگالّ

١٩٧٥/٤/٢٥

# چەند ووتو وێژێک

کاکی جوتیار لە «گا» خوڕە
دڵی زەوی چاك هەڵدڕە

مەچۆرە داوی میر و کاك
بەرمنجی شان بە بیری چاك

بێنەرە نلو بەرهەمی پاك
بژی زۆر پیلوانەو بێباك

مەپرسە کورسی کامەیە
ئەوگوریس و ، کلامەیە

زۆر باشترە لەو خامەیە
وەیان لەو بڕوانامەیە

کەخاوەنەکەی کوشتووە
بادەی بەدیی پێچەشتووە!

لەپاڵ پەردەی بریقەدار
هەڵپە ئەکات هەروەکو هار!

کاکی کرێکار دەی هەڵدەخشت
بەرەنجی شان ببەستە پشت

نان پەیداکە سەربەرزانە
کەهەر سەربەرزی ژیانە

زۆر لەوانە بەڕێز تری
پیرۆزترو بەهێزتری

لەپاڵ پەردەی ڕەنگاوڕەنگ
وەك زەروو خوێن ئەمژن بێدەنگ!

سەدەی بیستە گەل هوشیارە
هەرکەس هەرچۆنێك بێت دیارە

کاکی گاوان لەم کەل، بۆ کەل
هەرا ئەکەیت بەپەلە پەل!

لەم ئەدەی دار، لەو ئەدەی پەل
ئەکەویتە ناو ئاو وەك مەل

چەند بێگەردە ئەو ژیانە
نەفیشاڵەو نەتاوانە

کاکی شوان لێدە شمشاڵ
جوانە مێگەل، جوانترە یاڵ

سەر ئاخ لەدەست هەناسەی کاڵ!
بێ سنورە ئەندێشەی تاڵ!

هەر ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار
کەی وەهابوو؟! هەڵپەی زۆردار

١٩٧١/٢/١٥
هەڵەبجە

تێبینی:
ئەم شیعرە لەژمارە تایبەتی‌یەکەی ڕۆژنامەی هاوکاریدا لەساڵی ١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە.

# چۆلەکەو منداڵ

ئەی چۆلەکەی ووردو جوان؛
ئێسك سووکی دارەوان؛

بێو بچۆ بە قونە قون
یاری بکە لەگەڵ من

منیش خاوێن و پاکم
پەروەردەی بیری چاکم

مەترسە ، ڕامەکە لێم
گوێم لێبگرە چیئەڵێم

تۆ لەگەڵ پەپولەکان
چاو شارکێ کەن بۆخۆتان

منیش هوگری جوانیم
لەگەڵ ئێوەدا ئەژیم

چۆن ڕائەکەم بۆکوڵان!
زیان ئەدەم لەماڵان!

بەردی دارلاستیکی من
بشکێنێ سەرو گەردن.

هەرکەشەو هات ماندووبم
هەر ئێوارە لێ‌ی بنووم!

ئەوەبێ ئیش و کارم!
بێزاربن لەکردارم!

ئەی بۆ دوارۆژ چی‌بکەم!
چۆن پێ بگەم بێمە بەرهەم!

بژی خوو رەوشتی جوان
بژین ئێوەو وانە کان

بژین دراو سێکانم
کەوەك کەسو کارم وان؛

مامۆستاو قوتابخانە تیشکی ڕۆژی ژیانن
هەربژین هاورێکانم هاوکارو پشتیوانن

١٩٨٤/٢/١٨

هەڵەبجە

# تارا

تارا، کچە کورد، وەکو ئەستێرە،
سەردەمێك بکشێ، سەربدە لێرە،
سەیرکە سەیرانگای خاکی باپیران،
ئێسرەیە پێشەی مادر و ئاریان،
تەماشا مێژووی پایتەختی بابان،
تەلاّچوالانو دەشتی کانێسکان،
برۆین بگەینەسەرلوتکەی بەفرین،
هەوار بەهە وار یادگاری دێرین،
باخان شەتاوان شەپۆلی رەنگین،
فەرهاد سەر گەردان شیرینی خەم گین!
بە بەیتی کوردی وورد وورد بت دوێنم،
رێحانەی کێوی کەژت بۆ بێنم،
لە دەریای وێژە ووشەی روو نوگەش،
بشکێنێت باڵی سەختی شەوی رەش،
نەك بەتینی خەم رۆژێك بیت بێزار!،
نەبەزیت تاکو تۆ ئەو ئەکەیت بار،
ووشەی روونوگەش لەهەستی پرسۆز،
هەروەك پڵێسەی ئاگری نەورۆز،

بۆت هەڵ بژ ێرم وەکو بە لاڵوك،
زەرد وەکو گزنگ سوور، وەك تارای بوك،
بیکەمە ملت ملوانکەی یاد گار،
تازەو تەڕ هەروەك هەمیشە بەهار،
گەردنو ملوگەردانەی بێ گەرد،
وەك کەڵە کێوی یان ئاسکۆڵەی هەرد

چۆن گەردانەیەك هەر بریقەیبێ
بەشەو چراخان بە رۆژ ژینی نوێ

# یادێک

بووکو، باڵەبان، هاژەهاژی چەم،
چەتری شۆرەبی، تاراو سەر پەرچەم
بارگەی (پێخەسوو)؛؛ کولیچەی تیایە؛؛
مێوژوو؛ باسووق؛ توێشووی رێگایە،
رمبازی لەشکر؛ سواری بەدەماخ؛
قاقاو قریوە؛ دەنگ دانەوەی شاخ؛
زریوەی ناو (دێ)؛ هارەی خشڵی زیو؛
زرمەی زەماوەند؛ بووکی دابەزیو
تۆ بڵێیت گەردوون، شیرینی تاڵ کات؟!
دێ؛ هەرەسبێنێت شایی؛ بەتاڵ کات؟!
شار پتاسێنێت! هەوار بەدووکەڵ!
ساواو پێشکەکەی، بکات بەمەشخەڵ!
لەناو فەرهەنگی گادەمو حەوا؛؛
بەدی نەکراوە، نەورۆزێکی وا!!

جوانه دار بەروو گاڵە بەلاڵوك،
پێدەشت رەنگینە وەکو بەرگی بووك؛
کانییو بەراوو خەڵەو خەرمانە؛
مێگەل، سەرمەستی شمشاڵی شوانە،
جا ئینجا خوێنەر ناشێ نەیزانی؟
لە گەنجی دێرین تاجی کەیانی؛
بەهرەو دیمەنی ئەم خاکە پاکە؛
گەربێو نەمان پێ نەبوونمان چاکە.

لەهاوکاریدا ١٩٨٧/١٢/١ بلاو کراوەتەوە

# بەیتی دێرین

دە ئەی خاوەن سۆزێکی وا
ئەرێ تەمەن رۆیی نەما!

خەم بارگەی خست لە هەرچوار لا
رەشماڵی، خۆیی لێهەڵدا!!

بەهاری ژین ئەوا رۆیی!
بەڵام نەورۆزێکی؛ نەدی!

بە بەیتێك هەر ئێجگار دێرین،
هەر وەك شانی هەنگوین شیرین،

دەم کەرەوە!

بۆ من ماندوو بێ‌پشوو،
ڕێبواری ڕێگە لێ‌ونبوو!

بێ تریفە بێ‌تیشکی خۆر!،
ڕێ، پڕ لە جانەوەری زۆر!،

بەیتێك، قاڵبوی دەورانی زوو،
وەك (ئاڵتون) لە مەحەك دەرچوو،

ڕستێك (مرواری) تیشك دار
بەهرەو بەرهەمی هەستیار

هاژەی سەرچاوەیەك قەشەنگ؛
برواو، هیوا، سروودو دەنگ

با بێت بەتۆزیشو هاوڕێم،
هیچ نەبێت بزانم من کێم؛
دەفەرموو دەست دەرەپێنوس
بیرکەرەوە؛

١٩٨٨/٣/٧

## ئەژی کاسەوان .. هەیوەکە هەردن

کێ ئەیوت چیا جوانەمەرگ ئەبێ
کێ ئەیوت هاژەی تاڤگە ئەوەستێ

کێ ئەیوت کانی گۆڕی بۆ ئەکرێ
کێ ئەیوت ڕەنگی سروشت ئەگۆڕێ

بەڵام ئەی دایکم دیمەنی جوانم،
تۆ هەر نەورۆزی منیش داستانم؛

بیستومە شینی مەجنون و لەیلێ،
شەپۆڕی شیرین بۆ فەرهاد ئەبێ،

بەڵام نەمبیستوەو هەر نەبودو نابێ،
بڵێن نیشتمان مرد یاخود ئەمرێ،

بەڵێ بێگومان کە من ڕۆڵەی «دێم»،
کە ئەو بسوتێت من بۆ نەسوتێم؟

سرووشتی بەرزم وەك خۆی ئەمێنێ
نە ئەو ئەگۆڕێ نەمن ئەگۆڕێم

کاك کامەرانیش وەك کێوەکانی،
لەگەڵ گزنگی تازەی بەیانی،

لەگەڵ هەڵبەستو هۆرەو گۆرانی‌ی
لەگەڵ قاسپەی کەو شمشماڵی شوانی،

لەگەڵ لاپەرەی رۆژانی پاکی،
لەگەڵ دڵسۆزیو بیری روناکی،

لەگەڵ نەبەزیو ورە بەرنەدان،
لەگەڵ رێرەوی راستی نەسران،

لەگەڵ سروودو تەپڵی سەرکەوتن،
نامری (کامەران)؛ ئەژی کامەران دوورە لە مردن.

بەبۆنەی چلەی ماتەمینی شاعیری
نیشتمان پەرەورو نەمر مامۆستا
کامەران موکرییەوە

لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکراوەتەوە

## مناڵێكی چالاكم

مناڵێكی چالاكم
هوشیارو بیر ڕووناكم

وانەكانم خۆش ئەوێ
سەرئەكەوم بێ باكم

مەشخەڵی ڕێ ی خەباتم
هیوای بەرزی ووڵاتم

١٩٨٤/٤/٢٦
هەڵەبجە

گەر نەیپچڕێنم بەندی دووچاری!
خۆم نەڕەنجێنم بۆ بەختیاری

چاوەڕێی خەڵك بم، خۆم تێنەکۆشم
جاکەی مرۆڤم، کەی خاوەن هۆشم

بەپێچ و پەنا بڕۆیت ئەنەوی

چۆن هەنگاوت ناوادەرئەکەوی

ئەو پەردەی ئێستەبریقە دارە
هەر دەرئەکەوێت هێلانە مارە

# لای لایە

دوێنێ بەیانی ، بێئاگاو خامۆش
لەخەو ڕاپەڕیم، بەدەنگێکی خۆش

دایکێك بەنەرمی لای لایەی ئەکرد
ئەندێشەو هۆشی بۆلای خۆی ئەبرد

بەڵام کۆرپەیەك نەیەتە کۆڕ جوان
دەك یاخوا نەبێت بەبار بۆ ژیان

* *

زۆر هوشیار نەبی ، دیارە کە خەڵکی
ئەوەی پێخۆشە تۆ هەرگیز نەبی

نەمامێك ڕیشەی بەمەردی ڕووا
شەو چەند دژواربێت بەگزنگ ئەگا

ڕەوشتی جوانە، سروشت ئەنوێنێ
بەهیچ ناگۆڕێ، ژەنگ هەڵناهێنێ

## ترسان لەچی

دەوروپشت وژیانی چۆڵ
بەختی نەزۆك منی کلۆڵ

جیهانێکی سەیرو سامناك
منی تەنیا ئاسمانی تاك

بەڵام لەگەڵ ئەم گەردوونە
ترس وبەزین ، هەر تیا چوونە

تەنیا مێژوو نامرێ و ئەژی
کەمەرگ هەبێ ترسان لەچی

## سەربەرزی

من مناڵەکەم کە تۆیانە کوشتم
ئازاری سەخت وسۆیان پێ چەشتم

ژینیان لێ کردم بەدۆزەخی تار
پڕگورگی برسی، پڕ تەلیسم و مار

لەژێر پەلیانا پەلم ئەکوتا
بێ‌کەس و لاواز بەتاقی تەنیا

گەشی زامەکەی تۆم کرد بەچرا
تەنیا هەرئەو بووتروسکەی رێگا کەی رێگا
بەخوێنەکەی تۆ کەوتمە نووسین
نووسیم بابە گیان مژدە، مسەربەرزین بسین
نووسیم بابە گیان مژدە، سەربەرزین

## دوا ووته

خوێنەری بەڕێز بەڵێ بێگومان رەوشت بەرزی و خۆراگـرتن و دڵسۆزی، تاکە ڕێگەیە بۆ بەئامانج گەیشتنی ئـادەمیزاو . جا لێرەدا بەخوات ئەسپێرم، هیوادارم لە بەرهەمێك، یان چەند بەرهەمێکی تردا بکەوینەوە ووتووێژ ، لە دیداری وێژەییدا بەیەك بگەینەوە بێگومان ئاواتیشم بەرزی و باشیتەرەنگە بیشزانت؛ ئای کە چەند بە سەرفرازیت بەختەوەرم. خۆزگە ئەبووم بە تیشکێك هەموو توولە ڕێیە باریکەکانم بۆ ڕووناك ئەکردیتەوە، ئەبووم بە مستەکوڵەیەك، پشتی هەموو ستەمکارو ستەمێکم بۆ ئەشکاندیت بیورەکەهەر ئەوەندەم لەدەست دێت. «ئەگەر گوڵ نەبم ، درکیش نیم» هیوادارم بەدیارییە بچکۆلەکانم رازی بیت رایشت چییە، بۆت هەیە، بفەرموویت بەدەربڕینی ئەوەندەو تا دیدارێکی دی، جارێکی کەیش بەخوات ئەسپێرم

خورشیدە بابان

Pertukxanei
MÊHRDAD

رقم الايداع ٧٥٣ في المكتبة الوطنية ببغداد لسنة ١٩٨٨

دار الحرية للطباعة

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
السلسلة رقم (٦٢)

# شجرة البطم

خورشيده بابان



نەخشەی بەرگ : محمد زادە

السعر (١) دينار واحد

دار الحرية للطباعة ـ بغداد